# شانۆیی منداڵان و شازادە بچکۆلەکە

## دەقی شانۆیی

نوسینی: کاروان عەلی

٢٠٢٣

# شانۆیی منداڵان و شازاده بچکۆلەکە

## دەقی شانۆیی

**نوسینی: کاروان عەلی**

**٢٠٢٣**

ناوی کتێب: شانۆیی منداڵان و شازادە بچکۆلەکە

نووسەر: کاروان عەلی

بابەت: دەقی شانۆیی

تایپ: نووسەر

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: د. ئەکرەم فەرەیدون

ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

تیراژ: ١٥٠٠

چاپخانە: تاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (١٠٨) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.

## ناوەڕۆکی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| دەروازە ... | ٧ |
| بەرهەمێکی پڕ بایەخە و جێگای ستایشە ... | ١١ |
| کاروان عەلی خۆی یەکلایی کردووەتەوە | ١٤ |
| ئەم دەقانە هەڵقولاوی ناو ناخی منداڵانی کوردن | ١٥ |
| ئەم کتێبە شانازییە ... | ٢٤ |
| هیوادارم هۆڵەکانی شانۆ ڕوناک بکاتەوە | ٢٧ |
| **شازادە بچکۆلە و سەگەکەی** | **٢٩** |
| شازادە بچکۆلە و سەگەکەی | ٣١ |
| **خەونێک لە دارستاندا دەبێت بەڕاستی** | **٧٧** |
| خەونێک لە دارستاندا دەبێت بەڕاستی | ٧٩ |
| **تۆڵە و هاوکاری** | **١١٣** |
| تۆڵە و هاوکاری | ١١٥ |
| **سەگەکانی ئەم ڕۆژگارە، منم فریشتەی سەر زەوی** | **١٢٩** |
| سەگەکانی ئەم ڕۆژگارە، منم فریشتەی سەر زەوی | ١٣١ |
| **کەی ئاڵاکەمان هەڵکرا؟** | **١٤٥** |
| کەی ئاڵاکەمان هەڵکرا؟ | ١٤٧ |
| بەشێک لە ژیان و تێڕوانینێک لە ژیاننامەی کاروان عەلی | ١٦٥ |

## دەروازە...

ژیانی ئاسایی بۆخۆی شانۆیەکی فراوانەو هەزاران ئەکتەری هەمە جۆر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن... ئێمەی بچووک لە ژیان، هەربەبچووکی لەدایک بووین، بەڵام گەورەو جێگرەوەی خواین لەسەر زەوی... کەواتە گەورەو ڕێزلێگیراوین و بەبچووکی لەدایک بووین و ناکرێ قۆناغی منداڵی و پێگەیشتنمان لەبیر بکەین،لەبەر ئەمە دەبێت چۆن پێگەیشتووین ئەوهاش منداڵانمان پێبگەیەنین، بەشێوازی باشتر و باشتر، نەوەکانی دوارۆژ کە لەدوای ئێمە ژیان و وڵات بەڕێوە دەبەن پێویستە زیاتر لەپێگەیشتن و تێگەیشتنی خۆمان تێگەیشتوو، پێگەیشتوویان بکەین، جا بەهەر بوارێک بێت، بەگشتی و زانیاری هەمەچەشن...

شانۆ ژیانەو ژیانیش شانۆیەکی هەمە ڕەنگە، بەڵام زۆر بەداخەوە منداڵانی کورد لەهەردوو جۆرەکەی شانۆکە بەدەرن، شانۆ وەک خۆی و وەک ژیان... لەبەر ڕۆشنایی ئەمانە لەمێژە هەستم بەتاوانێکی گەورە دەکرد لەژیان و باری سەرشانی گرانکردبووم، چونکە چەندین دەقی شانۆیی لەنێو دەستنووس و

نووسینەکانی ترم کەبۆ منداڵانی بێنازی نیشتیمانەکەمە کەوتبوون و کەوتوون، لەکاتێکدا سەیرم دەکرد دەقی شانۆیی منداڵان لەناوەندەکانی هونەری بەپەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکانیشەوە زۆر کەمن یان وەرگێڕدراون، بەرهەمی خۆماڵی و کاراکتەر و ژینگەی ناسراونین بۆ منداڵان، ئەگەر هەشبن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و هەندێکیان ڕەچاوی سایکۆلۆژیا و گەشەو ئاستی منداڵی تێدا نەکراوە، جگە لەلایەنی زمانەوانی و پەروەردەیی، هۆشیاری، فێرکاری، ئەمە سەرەڕای نەنگی و ناتەواوی لە بیرۆکە و بابەت و دیالۆگی لابەلاو شوێن و چیرۆکی ناتەندروست... منداڵانی کوردستان و فێرخوازان و دەرهێنەران تینووی بەرهەمی ئەکادیمی و ئاوێتەن بۆ منداڵ، زۆر باش ئاگادارم چونکە لەیەکەم وێستگەی کاری هونەری و نووسینەکانم، ئێستاش و لەو ماوە زۆرەش کەلەناوەندی هونەریم ئەمەم دەبینی و دەبینم... کەلێنێکی زۆر گەورەیە لەبوارە هەستیارەکەو بواری منداڵان بەگشتی، ئەمانەش زۆر زیاتر باری دەروونیـمیان گرانتر دەکرد و هەستم بەتاوان دەکرد.

لەو دەروازەیەوە کەدەقی شانۆیی منداڵان زۆر کەمەو پێویستییەکی زۆر زۆری ناوەندەکانی هونەری و منداڵانی بێکەسی نیشتیمانەکەمە خامەکەم هاتە گۆ:

بەنواندن وشانۆ نیشان دەدەین بوونمان
بەمۆسیقاو پیانۆ سەروەری و پێشکەوتنمان

پەیکەرتاش و شێوەکار ناسنامەی ئەم وڵاتەن
هونەرمەند و وەرزشکار شانازی ئەم خەباتەن

خەباتی ئەوان جیایە بۆیە هەردەم لە دڵدان
شانازی لەبن نایە نامرن...لەخەباتدان.

کەواتە هونەر ئەمە بێت کەخامەکەم باسی دەکات چۆن بتوانم چەندین دەقی شانۆیی منداڵان لەناو نووسینەکانم بێناز کەوتبن و خزمەتی فێرخوازان و دەرهێنەران و منداڵانی سەرکردەی دوارۆژ نەکەم... بۆیە لەناخەوە تەمەننا دەکەم ئەم کتێبە ئەگەر ئەستێرەیەکی هەرەگەشی دەقی شانۆیی منداڵان نەبێت ئەستێرەیەکی کزی ڕووناکبەخش بێت بۆ بینینی چەندین ئەستێرەی تر.

**کاروان عەلی**

**پایتەختی کوردان ـ هەولێر**

**٢٠٢١/٣/١٠**

## بەرهەمێکی پڕ بایەخە و جێگای ستایشە...

نوسین لەبواری منداڵان یەکێکە لە بوارە هەرە هەستیارەکان بەجۆرێک زۆرینەی نوسەران خۆیان لە قەرەی نادەن و تا ڕادەیەک نوسین و بەرهەمی تایبەت بە هونەری منداڵان کەمە، هەر لەم بوارەشدا سەبارەت بە نوسینی بابەتی منداڵان بەزمانی کوردی کە زادەی بیرکردنەوەی نوسەرێکی کورد بێت و سەرجەم گوتە و ئاماژە و بیرۆکەکان هەڵهێنجراوی کەلتور و پەروەردەی کۆمەڵگای کوردی بێت هەر زۆر کەمترە، زۆر کات بابەتی منداڵان دەبینین بە زمانی کوردی، بەڵام وەرگیراوە لە نەتەوەی دیکە و لە هەندێک ڕەهەندەوە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ پرۆسەی گەشەپێدانی منداڵی کورد و پاشخانی کەلتوری منداڵەکانمان، هەربۆیە ئەم بەرهەمەی کە تایبەتە بە توێژی منداڵان و هەڵقوڵاوی هزری نوسەرێکی کوردە و ڕەنگدانەوەی کەلتوری کوردی دەکات، بەرهەمێکی پڕ بایەخە و جێگای ستایشە، چونکە جگە لەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی کتێبخانەی کوردی زەنگین دەکات، منداڵان لەکاتی بیستن یان خوێندنەوەی ئەم

بابەتە هەست بەوە دەكات كە باس لە گفتوگۆی كەسانی ژینگەكەی خۆی دەكات و هەست بە نامۆبون دروست ناكات.

نوسین لەبواری منداڵان توانایەكی تایبەتی دەوێت، بەجۆرێک دەبێت نوسەر بتوانێت وەک منداڵ و جیهانە سادەكەی منداڵان بیربكاتەوە و شێوە دەربڕینێک هەڵببژێرێت كە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی ژیری منداڵ لە لایەک و لە لایەكی دیكەوە دەبێت ڕەچاوی بنەما پەروەردیی و دەرونییەكان بكات تا بتوانێت ببێتە پشكدار لە پرۆسەی پەروەردەكردنی منداڵەكانمان، نەک شێواندنی ڕەفتاریان، لە نوسینی ئەم بەرهەمە نایابەدا زۆر ڕاشكاوانە ئەم لایەنانە كاری پێكراوە، بەجۆرێک كە زۆرینەی كارەكتەرەكان لە جیهانی ئاژەڵن، توێژینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە منداڵ هێندەی سەرنجی دەچێت بۆ كارەكتەرێكی لە جۆری ئاژەڵ هێندە كارەكتەری شێوە مرۆڤ سەرنجی ڕاناكێشێت، توانراوە ئاژەڵەكان بەجۆرێک بەشداری پێبكرێت بە پێی تایبەتمەندیان ڕۆڵ و سیناریۆی بۆ داڕێژراوە، ئەمەش یەكێكە لە لایەنە بەهێزەكانی ئەم بەرهەمە بە پێزە.

دەقە شانۆییەكانی ئەم بەرهەمە بە زمانێكی پاراوی زەنگین داڕێژراوە و چەند ناوەڕۆكێی بەسود و پەروەردەیی لەخۆگرتوە

وەک ئەمەک و هاوڕێیەتی و بەرگریکردن لە لایەنی چاکە و هاوکاری و لەگەڵ ئەمانەشدا دەقێکیشی تایبەت کردووە بەڕووداوێکی مێژووی تایبەت بەگەلەکەمان، هەر لەم پەڕتوکە پڕ بایەخەدا چەند هۆنراوەیەک بە جوانی داڕێژراوە و خراوەتە ڕوو کە دەکرێت وەک گۆرانی لە کۆتایی شانۆییەکاندا پێشکەش بکرێن، هۆنراوەکانیش بە کێش و سەروایەکی زۆر ڕێک و بە کۆمەڵێک وشەی گونجاو لەگەڵ پاشخانی گەنجینەی زمانەوانی منداڵی کورد و داڕێژراوە.

ئەم پەڕتوکە کە دەقی شانۆیی لەخۆدەگرێت بۆ منداڵانی کورد، ئاوڕدانەوەیەکی بوێرانەیە لە گۆشەی کتێبخانەی منداڵانی کورد و هیوادارم (مامۆستا کاروان عەلی) بە بەرهەمی بە پێزی دیکەی و نوسەرانی کورد زیاتر بایەخ بەم بوارەی منداڵان بدەن.

**پ.ی.د جوان بەهادین عەلی**

**١ /٣/ ٢٠٢٢**

## کاروان عەلی خۆی یەکلایی کردووەتەوە

کەمن ئەو کەسانەی بەتەواوەتی خۆیان بۆ شتێک یەکلایی دەکەنەوە، کاروان عەلی یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی کە خۆی یەکلایی کردووەتەوە بۆ خزمەتکردن بە منداڵان، دەستێکی باڵای هەیە لە شیعر و ئۆپەرێت و شانۆنامە و چیرۆکی تایبەت بەمنداڵان، لەم بەرهەمە نوێیەی کاروان عەلی کە تایبەتە بە شانۆنامەی منداڵان ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە کاروان هەوڵی داوە سەرجەم ڕەگەزەکانی شانۆنامە و تایبەتربڵێم ڕەگەزەکانی تایبەت بە منداڵان لەکتێبەکەیدا ببینین، وەک ڕەگەزی (ئاماژەی پەروەردەیی، فێرکاری، چالاکی، یاری...هتد.) کاروان عەلی جێگەی دڵخۆشی و ئومێدێکی زۆرە لەناو بزاوتە شانۆییەکەمان، بەتایبەت وەکو نووسەرێکی چالاکی شانۆی منداڵان، لام وایە لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نابێت بە وردی لەسەر یەک بە یەکی شانۆ نامەکان قسەبکەم، چونکە ئەمە چەند دێرێکە وەک پێشەکی، بۆیە هیودارم دەرهێنەران و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی شانۆ، هەروەها مامۆستاکانی وانەی هونەر لەخوێندنگاکاندا سوود لەم بەرهەمە گرنگە وەربگرن، بۆ کارو چالاکییە هونەرییەکان.

**گۆران سەرگەڵوویی**

**مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی**

## ئەم دەقانە هەڵقوڵاوی ناو ناخی منداڵانی کوردن

ئەدەب شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕین و گوزارشتکردنی مروڤ لە هەست و سۆز و بیر و بۆچوون و ناخ و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆی، کە بەهۆی ئەدەب بەجوانترین و ڕوونترین شێوە دەتوانێت چی لە ناخیدا هەیە هەڵیڕژێت، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک ماندووبکات و دووچاری سەرئێشە و بێزاری و بێنەو بەردە لەگەڵ هیچ کەس و لایەن و کۆمەلێکدا ببێت، ئەو بەو ڕێگا جوان و چێژبەخش و پڕ لە مەعریفە و ڕێنماییە هەموو پەیامەکانی دەخاتە ڕوو، جا هەموو لایەک ئازادە لەوەی وەریدەگرێت یان ڕەتی دەکاتەوە، سودی لێوەردەگرێت یان پشتگوێی دەخات، پەیام و ئەزموونەکانی لە میانەی ژیانی ئاسایی خۆیدا پەندوو دەرسیان لێ وەردەگرێت و لە خراپەکان خۆی بەدوور دەگرێت و باشەکانیش دووبارە دەکاتەوەو لەسەریان دەڕوات یان بە پێچەوانەوە... ئەمانە هەمووی لە میانەی بواری ئەدەبدا نووسەر دەیانخاتەڕوو... دەقی شانۆییش وەکو بوارێکی دیار و گرنگی نێو جیهانی ئەدەب هەمان خەسڵەت و گرنگی و میکانیزمی هەیە، نووسەر دەتوانێت لەسەر

زاری کاراکتەرەکانی نێو دەقەکەیدا هەموو پەیام و ئامۆژگاری و مەترسی و هەڕەشەی سەر تاک و کۆمەڵ و نەتەوە و ژینگەو نیشتیمان و جیهان و بە خوێنەر و بینەرەکانی بگەیەنێت و بەجوانی بیخاتە پێش چاویان و بە زیندوویی و چاوی خۆیان ببینن، چونکە شانۆ بوارێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەرەو بینەر لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت و پێی سەرسام و کاریگەر دەبێت...

ئەدەب و شانۆی منداڵانیش بوارێکی تایبەت و سەربەخۆیە و بەشێکیشە لە ئەدەب بەگشتی. کاریگەری و گرنگی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بە گشت جۆرەکانییەوە لەسەر منداڵان یەکجار زۆرە و نایەتە ژماردن. شانۆی منداڵان جۆرێکە لە ئەدەبی منداڵان و لە کۆنەوە نەتەوە جیاوازەکان گرنگیان پێداوە و لەنێو قۆناغە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕێکخراوە تایبەتییەکانی منداڵاندا سوودی

لێوەرگیراوە، زانایانی بواری پەروەردەو فێرکردن و دەروونزانی و گەشەی مرۆیی و گەشەی منداڵان و ...هتد ئەو گرنگیانەیان بەزۆر شێوە باسکردووە، هەربۆیە لەنێو پەروەردەی نوێ و سەردەمیانەشدا ئەو بوارە وەکو ئامرازێکی کاریگەر خراوەتە ڕوو،لەو ڕوانگەیەوە نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان گرنگیان

بەبواری ئەدەب و هونەری منداڵان شانۆی منداڵان داوە و چەندین دەقی شانۆییان بۆ منداڵان نووسیوە، بۆ ئەو کەسانەی لەبواری شانۆی منداڵان کاردەکەن کێشەی نەبوونی دەقی شیاو و گونجاو بە تەمەن و قۆناغی خوێندن و ئەو ژینگە و کۆمەڵەی تێیدا دەژیەت نەبێت و باس لە کێشە و پێداویستی و ئێش و ئازار و جوانی و ناشیرینی و مێژوو و... هتدی کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆی بکات و نامۆنەبێت بە ژیان و ئەزموون و ئەو واقیعەی تێیدا دەژییێت..

ئێمە وەکو نەتەوەی کورد لەبواری ئەدەبی منداڵان و گرنگیدان بەو بوارە، زۆر بە درەنگەوە هەستمان بەو گرنگی و پێویستییەی منداڵان کردووە و خەڵکانێک لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەشێک لە کات و بوارەکەی خۆیان بۆ ئەدەبی منداڵان تەرخانکردووە، ئەوەش بەپێی جۆری ئەدەبەکان دەگۆڕێت، بۆنموونە شیعری منداڵان زووتر و زیاتر و خەڵکی زیاتر خۆیان بۆ تەرخان کردووە و کاری جوانیان پێشکەش بەو جیهانە بێگەردە کردووە، دوای ئەویش بواری چیرۆک دێت، کە لەڕووی کات و بڕ و ژمارەی نووسەرەوە دەکەوێتە دوای شیعرەوە و لێرەشدا بەرهەمی جوان و ناوازە و گوزارشتکار بەو بوارە

پێشکەشکراوە.. لە بواری چیرۆکی درێژ و ڕۆمان تاک و تەرایە و بە پەنجەی دەست ئەژمار دەکرێت..شانۆی منداڵان دوای چیرۆکی منداڵان لەڕووی کات و ژمارەی بەرهەمەکانەوە دێت، کە لە سەرەتای شانۆوە، شانۆ لە ناو قوتابخانەکان دەستی پێکردووە و گەشەی کردووە، بەڵام دەقەکان تایبەت نەبوونە بە جیهانی منداڵان، بەڵکو زیاتر گوزارشت بووە لە کێشەی گەورەکان، ئەگەر باسی منداڵانیش کرابا ئەوە زیاتر پیوەندیداربوو بە دایک و باوک و بەخێوکەر و بەرپرسی منداڵان، منداڵ خۆی لەنێو کێشەکاندا نەدەبینییەوە و ئەو کارەکتەری سەرەکی نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی نەتەوەی ئێمەش هەستی بە گرنگی و گەورەیی ئەو بوارە کردووە، نووسەرانی شانۆ بەشێک لە کارەکانی خۆیان بۆ منداڵان تەرخان کردووە و دەقی منداڵانەیان نووسیوە...

یەکێک لەو نووسەرانەی کە زۆربەی کار و چالاکی و نووسینەکانی خۆی بۆ بواری منداڵان تەرخانکردووە نووسەری ئەم کتێبەیە، کە چەند دەقێکی شانۆیی منداڵانی لەخۆگرتووە، سەرەتا دەستخۆشی لە مامۆستا کاروان دەکەم، کە هەستی بە گرنگی شانۆی منداڵان کردووە، هەروەها هەستی بەوە کردووە،

که نەقسێکی زۆرمان لە بواری دەقی شانۆی منداڵان هەیە، ئەو هونەرمەندانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، ڕووبەڕووی کێشەی نەبوونی دەقی گونجاو و سەردەمیانە و تایبەت بە منداڵان دەبنەوە، بۆیە زۆرجار لە ناچاری خۆیان دەقەکە ئامادەدەکەن و دەنووسن، کە لەوانەیە ئەوە کاری ئەوان نەبێت، یاخود پەنا دەبەنەبەر دەقێکی وەرگێڕدراو یان ئامادەکراوی بیانی، کە ئەوەش زۆرجار نەگونجاوە و نامۆیە بە ژینگە و دابونەریت و کێشە و مەینەتییەکانی منداڵانی کورد و هەڵقوڵاوی نێو واقیعی ئەوان نییە، بۆیە دەقی کوردی و گوزارشتکار و هەڵقوڵاوی نێو ناخ و واقیعی ژیانی منداڵی کورد گرنگە، کە دەقەکانی مامۆستا کاروان بە ئەندازەیەکی باش خۆیان لەو بوارەدا دەبیننەوە... ئەوەی لەنێودەقەکاندا بەدیمکرد ئەوەبوو کە نووسەر هاتووە بەزمانی ئاژەڵان کێشەکانی خستۆتەڕوو، واتە کارەکتەرەکانی کردوون بە ئاژەڵ، بەڵام باس لە کێش و پەروەردەکردنی منداڵان دەکات و پەیام و ئامۆژگارییەکانی ئاراستەی منداڵانە، دیارە منداڵان زۆر حەزیان بە هاوڕێیەتی ئاژەڵانە و بەجوانی لەگەڵ ئەو جۆرە شێوازەدا تێکەڵ دەبن و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوودی لێوەردەگرن...

لەنێو ڕووداوەکاندا پشتی بە یاری بەستووە، ئەمەش دیسانەوە لایەنێکی ئەرێنییە و ژیانی منداڵ هەمووی یارییە، شانۆش خۆی بەشێکە لە یاریکردن، منداڵ کە بەشێوەیەکی ئاسایی یاری ڕۆژانەی خۆی دەکات، نواندن دەکات و وەکو شانۆ یارییەکانیان بەڕێوەدەبەن، بۆیە تێکەڵکردنی ئەو دوو بوارە زۆر باش و سەرکەوتووە لەنێو ئەدەب و هونەر و شانۆی منداڵاندا...

دیالۆگ ئامرازێکی سەرەکی دەربڕینە لە شانۆدا، بۆیە دەبێت نووسەر لە کاتی دانانی دیالۆگی کارەکتەرەکان زۆر ورد و وریا بێت، کە دیالۆگەکان نەبنە مایەی بێزاری و دوورکەوتنەوە لە ناوەرۆک و پەیام و ئاراستەی رووداو کارەکتەرەکان، لە شانۆی منداڵانیشدا ئەم خاڵە هەستیارتر و گرنگتر دەبێت، نووسەر زیاتر پشتی بە دیالۆگی کورت بەستووە، کە ئەوەش لە شانۆی منداڵاندا زۆر باش و ئەرێنییە، چونکە منداڵ چ وەکو ئەکتەر چ وەکو بینەر زۆر حەزی لە درێژ دادڕی و دیالۆگی زۆر و درێژ نییە و ناتوانێ تا کۆتایی متابەعەی بکات و پاشان ئیستیعابی بکات، بۆیە واباشترە دیالۆگەکان کورت و پڕ واتابن.. هەروەها دابەشکردنی دیالۆگەکان بەسەر هەموو کارەکتەرەکاندا، نابێت هەندێکیان فەرامۆش بکرێن و تەنها گوێگر بن و

هەندێکیشیان قسەکەر بن و زۆربەی دیالۆگەکان بەوان بدرێت، نووسەر لەوەشدا سەرکەوتووانە کارەکەی ئەنجامداوە و پەیڕەوی کردووە... بەکارهێنانی شیعر و گۆرانی لەنێو رووداوەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی وەکو لایەنی چێژ و خۆشی و تەشویق منداڵان سوودی لێوەربگرن، چونکە منداڵ حەزی لەو شێوازەیە، نووسەر زۆربەی شانۆییەکانی بە گۆرانی تایبەت کۆتایی پێهێناون و گرنگی بەو لایەنەش داوە..

هەموو دەقەکانی بە مەبەستی خستنەڕووی کۆمەڵێک ئامۆژگاری و دەرس و پەند دادان بۆ منداڵان بەکارهێناون، کە لەو خوو و ڕەوشت و ئاکار و نەریت و کار و کردەوە ناشیرینانە دوور بکەونەوە، لە هەمانکاتدا بەدیل و جێگرەوە بۆ ئەو شتانەی خستۆتەڕوو، ئەوەش لایەنێکی گرنگی ئەدەب و هونەری منداڵان بەگشتی و شانۆی منداڵان بەتایبەتییە...

دیارە هەموو کارێکی ئەدەبی و هونەریش لایەنی نەرێنی نەگونجاوی تێدایە، ئەو کارەی مامۆستا (کاروان)یش لەوە بەدەر نییە و ئێمە هەندێک شتی نەگونجاومان بەدیکرد، (دیارە بەپێی بۆچوونی ئێمە)، یەکێک لەوانە درێژی ماوەی دەقەکانە، چونکە یەکێک لە مەرج و خەسڵەتەکانی شانۆی منداڵان بریتتیە لەوەی،

که کورت و پوخت بن و کاتێکی درێژ نەخایەنت، چونکە منداڵ بەرگەی چاوەڕوانی و موتابەعەی زۆر ناکات و بێزار دەبێت و تواناکانی سنووردارن، بۆیە دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراو کەمدا پەیامی خۆمانیا پێبگەیەنین بەبێ ئەوەی بهێڵین بێزاربن...

هەندێک دەقی ناو ئەم کتێبە زیاتر پشتیان بە گێڕانەوە و حیکایەتخوان بەستتوە، ئەمەش بۆ شانۆی منداڵان نەگونجاوە و منداڵ زیاتر حەزی بە جوڵە و رووداوە، نەک قسە و گێڕانەوە، چونکە مەلەل دەیگرێت و بێزار دەبێت...

لە شانۆی منداڵاندا دەبێت رووداو کارەکتەر و زمان و بیرۆکە و...هتد سادە و ساکاربن و دووربکەوینەوە لە زمانی ئاڵۆز و ئەدەبی باڵاو فەلسەفەوە، دەبێت نووسەر ئازادی بە کارەکتەرەکانی بدات وەکو منداڵ بیربکەنەوە و بدوێن و هەڵسوکەوت بکەن، نابێت خۆی لەپشتی کارەکتەرەکان بشارێتەوە و کارەکتەرەکان بە زمانی ئەو قسەبکەن، لە هەندێک شوێن ئەوە ڕەچاو نەکراوە، منداڵەکان وەکو زانا و دانا و مێژووناس قسەدەکەن و باسی ڕووداوی دووری مێژوویی و نەتەوەیی دەکەن، کە زۆر لە گەورەکانی ئەو شتانە نازانن، ئەوە

نووسەرە لێرەدا وەکو مێژوو نەک شانۆ باسی ڕووداوەکان دەکات، دەبێت کارەکان زۆر سادەتر بکرێنەوە...

هەروەها دەبێت نووسەر خۆی لە بیرو بۆچوونی حیزبی و تایبەتی بپارێزێت، چونکە ئەوە دەبێتە موڵکی نەتەوەیەک بە گشت بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە، هەروەها لەوانەیە بۆ سەر زمانی دیکە وەربگێڕدرێت و ئەو کاتە دەبێتە موڵکی مرۆڤایەتی، بۆیە دەبێت لە بیروبۆچوونی حیزبی تەسک دەربچین و زیاتر نەتەوەیی و مرۆیی بین، چونکە لەوانەیە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە زەرەر بە دەقەکە بگەیەنێت و سنوولارداری بکات... لەکۆتاییدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە (مامۆستا کاروان عەلی) دەکەم، بۆ ئەو هەوڵە جوانەی، هیوای بەردەوامی و کاری جوانتر لەبواری منداڵان و بۆ خزمەتکردنی منداڵانی نەتەوەکەمانی بۆ دەخوازم...

**پ.ی.د.کەیفی ئەحمەد**

**زانکۆی کۆیە – بەشی زمانی کوردی**

**٢٠٢٢/١/٢٩**

## ئەم کتێبە شانازییە...

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی جوانی شانۆی منداڵ، کە تەواو ئەکادیمییە و پڕە لە هێز بەخشین و ئاماژەی گرنگ و پێویست، هەر ئەمەش وا دەکات دەقەکان خۆیان لەناخی خوێنەر و منداڵ جێگیر بکەن، نوسەری بەتوانای ئەدەبی منداڵان و دەقی شانۆیی کاروان عەلی یەکێکە لە قوتابییە زرنگەکانی دوێنێم و هاوڕێ و هاوپیشەی ئەمرۆم، پێویستە ئاگاداری منداڵەکانمانبین، بەرهەمی زانستی و پەروەردەییان پێشکەش بکەین کە تەواو ڕەچاوی سایکۆلۆژیای منداڵی تێدا ڕەچاو کرابێت، هەروەکو وێنەی ئەم دەقە گرنگانە... ئەم کۆمەڵە دەقە فێرکارییە پوخت و جوان و پڕ سەنگە دوورە لە توندو تیژی، ئەمەش گرنگی ئەم دەقانە و نوسەرەکەی و ئامانجی دەخاتە ڕوو، نوسەرو هونەرمەند کاروان عەلی هەرچەندە ئەمە کاری خۆیەتی بەلام ئەوەی سەرنجماوە هەمیشە هەوڵی داوە کۆمەڵێک کەسایەتی بخاتە ڕوو کە هەمیشە فەرامۆش کراون، ئەمەش بیر ڕوونی و شارەزایی نووسەرە، هەر بۆیە گرنگی بەم

کەسایەتیانە داوە، ئەوەتا لە دەقە شانۆییەکانیدا بەدی دەکرێن و مافی پێدان و زیندووی کردوونەتەوە، هێز و توانا و گەورەیی پێبەخشیون، هەروەها باسی فەلسەفە و ژیری و هزر و چەندین شتی گرنگ دەکات، جگە لەوەش منداڵان فێردەکات کە مرۆڤ نابێت لەخۆبای بێت و کاری خراپ بکات، هەروەها منداڵ ئاراستە دەکات بۆ هاورێیەتی و پێکەوە ژیان و دڵسۆزی و خۆشەویستی و هاوکاری و ڕێزگرتن و ڕاستگۆیی و هێمنی، ڕاپەڕاندنی کارەکان بە لێزانی و دروستی، هەروەها لەبەشێکی تری پەیامەکانیدا گرنگی بە کاری هەرەوەزی و ژینگە پارێزی و ڕێزگرتن و تەنانەت فێرکردنی منداڵ و ڕێزگرتن لە هونەرو ئەکتەرو ماندووبوونی ئەکتەر دەکات،پێیان دەڵێت بێدەنگی لە کاتی نمایشدا جۆرێکە لە ڕێزگرتنی ئەکتەرەکان، هەموو ئەمانەش نیشانەی شارەزابوونی نووسەرە لەبوارەکەیدا، لەناو دەقەکاندا ئاماژە بەچەندین بابەتی تری گرنگ کراوە وەکو خۆشەویستی نیشتیمان، ڕۆژی ئاڵا و سەرکردە کوردەکان و گرنگی ئاڵا و خوێنی شەهیدان و پێشمەگە و ڕاستی و

ئامۆژگاری وەرگرتن لە کەسانی بە ئەزموون و گوێگرتن لە گەورەکان، هەروەها لە نوسینەکانیدا جەخت لەسەر پاک و خاوێنی و هۆشیاری دەکاتەوە و منداڵ هۆشیار دەکاتەوە کە هەڵنەخەڵەتێن و پلانی باش دابڕێژن بۆ ئایندەیان و نابێت سوکایەتی بەهیچ شتێک بکرێت و دەبێت هەموان پلانی تایبەتیان هەبێت و بەدوای مافی خۆمانەوە بین... ئەم هەموو ئاماژە کارە جوانانە لە دەقەکانی گەورە نووسەری منداڵان مامۆستا کاروان عەلی ڕەنگی داوەتەوە... جیگای ئاماژە پێکردنە ئەم بەرهەمە کەلێنێکی یەکجار گەورە پڕدەکاتەوە لە ئەدەبی منداڵان و دەقی شانۆی منداڵاندا، هیودارم ئەم دەقە بەنرخانە ڕۆژێک ببێتە نمایش لەلایەن هونەرمەندان و قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرەجوانەکان.

لەناخەوە هیوادارم کە هەمیشە هەروا پێشەنگ بیت مامۆستا کاروان عەلی هەروەها زۆریش شانازی دەکەم کە قوتابی دوێنی و هاوپیشەی ئەمڕۆمی، دڵنیام ئایندەت ڕونترە و تا کۆتایی پلەی زانستی دەچیت، چونکە لەمێژە ئەسپی خۆت لە مەیدانی ئەدەبی مندالان تاوداوەو سەرکەوتوانەش پەیژەکانت بڕیووە، لەدڵەوە سوپاست دەکەم و گەورەیی و وەفای خۆت نواند کە منت هەڵبژارد وەک مامۆستا و دایکێک کە ئەم چەند وشەیە بنوسـم.

**مەی کەریم احمد سابونچی**

**پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی**

## هیوادارم هۆڵەکانی شانۆ ڕوناک بکاتەوە

پرۆسەی نووسین لەبواری منداڵ پێویستی بە ڕۆشنبیرێکی تەواوە لەبواری منداڵان، چونکە دنیای منداڵ پرۆسەیەکی تەواو جیاوازە لەگەل نووسین و ئەدەبی گەورەکان، لە ڕووی ناوەرۆک و بابەت، چونکە هەمووومان دەزانین ئەو پرۆسەیە زۆر قورسە، بۆ هەرنوسەرێک کاتێک خامەی بەکاردێنێ بۆ خزمەتی منداڵان بۆیە دەبێت زۆر بە وریاییەوە وشەکانی ریزبکات، بۆ ئەو چینەی ناو کۆمەڵگا، چونکە لەوانەیە ئەو وشانە ببێتە داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەی داهاتوو لەناو کۆمەڵگا، بەتایبەتی نوسەرانی بواری شانۆی منداڵان، چونکە شانۆ ئاوێنەی ژیانی ڕۆژانەمانە یان ناساندنی شتەکانی دەوروبەرمان بە منداڵان جا ئەو ناساندنە ئاژەڵ بێت یان دابونەریت...هیودارم ئەم شانۆگەریانەی نووسەر- کاروان عەلی ببێتە هاندانێک بۆ زیاتر خزمەتکردنی دەرهێنەرانی بواری شانۆ، ئەو بۆشاییەی کتێبخانەی کوردی لە بواری شانۆ و ئەدەبی منداڵ پڕبکاتەوە، بکەوێتە بەرچاوی منداڵان و هۆڵەکانی شانۆ ڕووناک بکاتەوە.

**یوسف یوسفی**

**زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی هونەرەجوانەکان**

# شانۆیی منداڵان و شازادە بچکۆلەکە

## دەقی شانۆیی

# شازادە بچکۆلە و سەگەکەی

**کەسایەتییەکان:**

**١. فیل**

**٢. کەر**

**٣. سەگ**

**٤. مار**

**٥. شازادە بچکۆلە**

**٦. قەلەڕەش.**

**شوێن: دارستان.**

**کات: بەیانییە.**

## شازادە بچکۆلە و سەگەکەی

(کەر لەلای ڕاستی دارستانەکەوە دانیشتووەو پەرتووک دەخوێنێتەوە، فیلیش لەلای چەپی دارستانەوە دەردەکەوێت، وەک بلێی تازە لەخەو هەستاوە، فیل هێمای کەر بەپەنجەکانی بۆ کەرەکە دەکات و گاڵتە بەکەرەکە دەکات و پاشان دەبدەبەیەک (میزەڵدان) لەگیرفانی دەردەهێنێت و پڕی لە هەوا دەکات، بە دزییەوە بۆ پشتی کەرەکە دەڕوات و دەبدەبەکە لەپشتی کەرەکە دەتەقێنێت، کەرەکەش هاوار دەکات و بەردەبێتەوە)

فیل: سڵاوهاوڕێ ئازیزەکەم

کەر: سڵاو کەری بێ دەماغ

فیل: یانی تۆش دەزانی کەربێ دەماغە (هاهاها)

کەر: نانامەبەستم ئەوەنەبوو...ئێ ئێ یانی قسەکە واباوە

فیل: باشە باشەپێم بڵێ چی دەخوێنیتەوە؟

کەر: وانوسراوە شانۆگەرییەک نمایش دەکرێت بەناوی
" شازادەبچکۆلەو سەگەکەی"

فیل: ئێ باشە لەکوێ نمایش دەکرێ؟

کەر: دەزانی من کەرنیم ...ئۆو (پیکەنین) پێمەکەنە هەر لێرە بەڵام (فیل پێدەکەنێت) باش بزانە منت وانەترساندووە لێت خۆش بم، باجەکەی دەدەی... باچیرۆکێکی خۆشیش بگێڕمەوە چونکەکەمێکی ترنمایشەکە هەر لێرە دەست پێ دەکات

فیل: یەکەم باج نا یان بڵی سەرانە، یان تۆڵە، بۆسەندنەوەی مافی خۆت

کەر: باشەباشە فەلسەفەمان بۆلێمەدە تۆ هەربۆپێکەنین باشیت(هاهاها) دەی کاتمان نامێنێت نمایشێکم بۆبکە گەرناجوتکەیەکت پێدا دەکێشم

فیل: نا

کەر: نا نازانم بگرە (جوتکەیەکی لێدەدا)

فیل: (بەردەبێتەوە) ئای ئای (هەڵدەستێتەوە) تازە توانای نمایشم نەماوە، منیش مادام وات لێکردم نایەڵم چیرۆکەکەت بگێڕیتەوە...

کەر: خۆت دەزانی کەرم مەکە

فیل: ئی ئی هاهاها

کەر: بێ دەنگبە گەرئەم جارەلێت بدەم ددانت لەدەمدا نایەڵم...

فیل: هاوڕێ گیان وازبێنە،هەندێک شت هەن کاری هەڵەن بۆ نموونە: شەڕکردن، گاڵتەبەیەک کردن، ناوبچوککردنەوە بەشێوازی گاڵتەپێکردن، نەخوێندن، نەکردنی کاری باش و بەگوێ نەکردنی گەورەکان بۆکاری باشە، باچیتر ئەو گاڵتانە نەکەین

کەر: ڕاستە...ڕاستە کەواتە تازەنگەکە لێینەداوە نمایشێکمان پێشکەش بکە...

فیل: کەری ئازیز هەربەقسەکانی خۆم باشت گرتم بەسەرچاو سەیرکە (فیل نمایشیکی وەرزشی دەکات)

کەر: زۆرباشەکاتمان نەماوە خێراکە شتێکی تریشم پیشان بدە، ئێستا سەگی هاوڕێمان دەگات

(فیل نمایشێکی تردەکات ...)

کەر: سەیری منیش بکە شتێکت بۆدەکەم زۆرجوان تر لە نمایشەکەی تۆ

فیل: (کورسییەکە دەگوازێتەوە) فەرمووپیشانم بدە (کەر یەک دووجار غار دەدات و دێت دەڕوات لوشکە دەهاوێت و هەندێک خۆی نمایش دەکات)

کەر: دەی هەستە سەرەی تۆیە شانۆگەرییەکە هەرئیستا لێرەدەست پێدەکات

سەگ: (بەخێرایی بەدیاردەکەوێت) دەزانن هاوڕێیان مار دوو زمانی دەکات دەیەوێت ئازاری شازادە بچکۆلەبدات...

کەر:سڵاو بەخێربێی سەگی بەوەفا

سەگ: ببورە بەخێرایی هاتم بۆیەبیرم چوو سڵاو بکەم، جگە لەوەش هەربیرم لای ماری دوو زمانە

فیل: ئێ خۆمار خۆی هەرسەری زمانی دووزمانە

کەر: تۆکەی ژیردەبی؟

سەگ: ئەوکاتەی تەواو تێبگات هاوڕێیەتی خۆشەویستی بەخشینە بەیەک

کەر: سەگی ئازیز بۆچی واپەشۆکاوی؟

سەگ: خۆم گوێم لێبوو قەلەڕەش و مار بەیەکەوە دەیان گوت هەرچۆنێک بێت دەبێت شازادەبچکۆلە لەم دارستانە دەربکەین یان لەناوی ببەین

فیل: باشە بۆچی خۆ ئێمە و هەموو گیانداران بڕیارماندا شازادە بچکۆلە لەناوماندا بژێت ،تائەوکاتەی خۆی دەیەوێت...

کەر: ڕاستە...جگەلەوەش خۆ شازادەبچکۆلە زۆریارمەتی قەلەڕەشی دا کاتێک قەلەڕەش بەهۆی بەربوونەوەی باڵی شکا... ئەی بۆماوەیەکی زۆر زۆرخزمەتی نەکرد؟

سەگ: بەڵی وابوو، بەڵام قەلەڕەش هەر خۆی حەز بە هاوڕێیەتی و ئاشتی پێکەوە ژیان ناکات

فیل: ئەی مارەبۆر بۆ؟ خۆشازادە هیچ خراپەیەکی بۆماریش نییە؟

سەگ: خۆ بەخراپە نییە ئەوانە ناخیان پیسە،پێویستە هیچ گیانلەبەرێک ناخی پیس نەبێت و ڕق لەیەک هەڵنەگرێ

کەر: خۆشازادە چاکەی لەگەڵ قەلەڕەش کردووە نەک خراپە

فیل: ڕاستە، بەڵام پێم سەیرە چۆن دەبێت گیانلەبەر وابێت

کەر: نا نا خەریکە ئاقڵ بیت

فیل: بەڵێ بەڵێ بەتۆدەچم

سەگ: ئێوە هەرگیز واز لەم شتانە ناهێنن وەرن دانیشن ڕێگایەکی باش بدۆزینەوە تا فێڵ و پیلانەکەی قەلەڕەش و مار پوچەڵ بکەینەوە

کەر: چی بکەین؟

فیل: من دەچم دەڵێم ئەرێ ئێوە بەنیازی چین بەرامبەر شازادەبچکۆلە؟

سەگ: ئەوە نابێت ئەوکات دەزانن ئێمەئاگاداری پیلانی ئەوانین و پێشت ناڵێن...

کەر: سەگی ئازیز ناڵێم ئەوە هەرگیز ژیر نابیت وازی لێبێنە

فیل: ئی دەچم دەڵێم پیویستە منیش وەک هاوڕێیەک لەگەڵتان بم بۆ پیلانەکەی کە دژی شازادە کەهەتانە

کەر: قسەمەکە باشە بهێڵە بیرکەینەوە

فیل: هەڵەی خۆمە دەمەوێ یارمەتیتان بدەم

سەگ: نا نا هاوڕێ واتێ مەگە

(مار بەمەکر و نازە کچانەکەیەوە دێتە ناوەوە)

مار: سڵاو هاوڕێیان ئێوە خەریکی چین وابەیەکەوە قسەدەکەن؟

فیل: ئەوەی ڕاستی بێت دەمانەوێت لەپیلانی ...

(سەگ قسەی پێ دەبڕێ)

سەگ: دەمانەوێ پلانی ئەوەدابنێن زستان چۆن خۆمان بپارێزین...

فیل: بەڵێ بەڵێ زۆرپێویستە

کەر: ئەی تۆچۆنەلێرەی؟

مار: من بەدوای هاوڕێکەمدا دەگەڕێم، نایدۆزمەوە

سەگ: کێ؟ پێم بڵێ من بەهەستی بۆن کردنم بۆت دەدۆزمەوە

فیل: بەڵێ سەگی هاوڕێم زۆر بلیمەتە لەبۆنکردن و هەستکردن

کەر: ڕاست دەکات هەست بەهەمووشتێک دەکات، تەنانەت ناخیش دەخوێنێتەوەو دەزانێت چیت لەدڵ دایە

مار: چی؟ چۆن شتی وادەبێت ؟!

کەر: نازانم

فیل: سەگ هەستی زۆر بەهێزە ئەوەی درۆبکات دەزانێ درۆی کردووەو بۆچی درۆدەکات...

مار: ئێوە بەڕاستتانە... کەوایە من دەڕۆم نامەوێ لەگەڵ سەگ و ئێوە بوەستم...

فیل: بۆ خۆ بەنیازی درۆ و ئەوشتانەنیت؟

کەر: فیلی هاوڕێم ڕاست دەکات (سەگ دەوەڕێت ودەیەوێت بۆن بکات)

مار: نا نا ئێوه هاوڕێی منن... درەنگمه... دەبێ بڕۆم دەی دەی من ڕۆیشتم

سەگ: هاوکاریت ناوێت؟

مار: نا نا هەرگیز هاوکاریم ناوێت

فیل: ئاگاداری خۆت به

مار: باشه سوپاس (دەڕوا)

سەگ: پێویسته نەیەڵین شازادەبچکۆله هیچی لێ بەسەربێت هەر ئەو هۆکاری ڕزگاری ئێمه و تەواوی دارستان بوو، بیرتانه کاتێک ئاگر کەوتەوه تەواوی دارستانی لەسوتان ڕزگارکرد؟

کەر: بەڵێ خۆشی دەستەکانی سووتا هێنده هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی داتاکۆتایی توانی ئاگرەکه بکوژێنێتەوه

فیل: بەڵێ ئەوڕۆژەم هەرگیز بیرناچێت چونکه ئەوکاتی بەچکەکەم زۆربچوک بوو بەدڵنیاییەوه ئاگر زۆر بکەوتایەتەوه دەسوتا

سەگ: کەواتەدەبێت چی بکەین؟

فیل: دەبێ بەفێڵی مار و قەلەڕەش بزانین ئەوسا دەتوانین نەیەڵین شازاده بچکۆڵه ئازاری پێ بگات

کەر: (باوەش بەفیل دادەکات) ئافەرین ئەوە یەکەم جارە ئاواژیرانە قسەبکەی

فیل: کاتی گاڵتەنیە دەبێ زووبکەین...

سەگ: زۆرباشە بەبۆچونی من لەسبەی بەدواوە من بەدوای ماردا دەکەوم کەری ئازیز تۆش چاوت لەسەر قەلەڕەش بێت

فیل: منیش هەوڵدەدەم لەنزیک ماڵی قەلەڕەش دوورنەکەومەوە تا بەووردی چاودێری بکەین

سەگ: باشەوادەکەین، کات خەریکەدرەنگ بکات زۆری نەماوە بۆ شەو بەیانی هەر زۆو زوو هەستن، بیرتان نەچێت هەرلەگەڵ هەستانی قەلەڕەش چاودێری بکەن... ماریش بۆمن بەجێبێڵن...

(سەگ دەوەڕێت و بۆن دەکات)

(شازادەبچکۆلە زۆر شۆخ وشەنگ بەدیاردەکەوێت هەروەها جلوبەرگێک کەشیاوی دیکۆر و دارستان بێت لەبەرییەتی)

شازادە: سڵاو هاوڕێیانی ئازیزم

کەر: سڵاو شازادە گیان

سەگ و فیل :سڵاو بەخێربێی

شازادە: ئـۆو فیلی ئازیز زۆر بیرم کردووی

(شازادە خۆی بەباوەشی فیلدا دەکات وباوەش بەیەک دادەکەن).

فیل: منیش زۆربیرم کردووی بۆ دیارنیت؟ ئێستا باسی تۆمان دەکرد (کەربەجوتکە ئاگاداری دەکاتەوە قسەی ترنەکات)

کەر: سەگ دەیگوت شازادەپاڵەوانی دارستانە و ئێمەی هەموو ڕزگارکرد لەکاتی ئاگرکەوتنەوەکە...

شازادە: ئەوە ئەرکی من بوو، هاوڕێ دەبێت هەمیشە هاوڕێ بپارێزێت.

سەگ: وایە بەڵام تۆخۆت کردە مەترسییەوە بۆیە تاماوین سوپاست دەکەین.

فیل: هیوادارم تۆ هەمیشە واجوان ودڵپاک بیت

شازادە: سوپاستان دەکەم کات درەنگی کردووە بابچینەوە بۆ ماڵەکانمان

کەر: زۆر ڕاستە بابڕۆین، بەڵام من و فیل بەیەکەوە دەڕۆین ماڵمان نزیک یەکە و ئێوەش بەیەکەوە بڕۆن...

شازادە: باشە کەری ئازیز (دەچێت باوەش بەکەردا دەکات) دەی هیوای کاتێکی خۆش وئاگاداری یەکتربن

سەگ:بیرتان نەچێت هاوڕێکانم بەیانی یەکتر دەبینینەوە...

(کەر و فیل بەیەکەوەلەلایەکی شانۆ دەچنە دەرەوە و شازادە و سەگیش بەلایەکی تر، بەم گۆرانییە کۆتایی بەدیمەنی یەکەم دێت).

هـاورێـیەتی کوا وایـە
درۆ و فـێـڵ نـاڕەوایـە
پێویستە ئێمە هەمووان
بۆیەکتر بژین لە ژیـان
ڕێز لەیـەکـتری بگرین
تاوەکو هەرگیز نەگرین
درۆ و فـێـڵ نـاڕەوایـە
هاورێـیەتی کوا وایـە؟

## تاریکی

## دیمەنی دووەم

(بەیانییە زەردەی خۆر و دەنگی بۆق و بولبول و گیانەوەر دەبیسترێت... قەلەڕەش و مار بەیەکەوە لە ناو دارستانن، لە پشتەوە فیل وکەر و سەگ هەریەکەو لەشوێنێکەوە بەدزییەوەگوێ لەقسەو پیلانیان ڕادەگرن...)

مار: من پێم باشەشازادە بچکۆلە بەیاری کردن لەناوببەین

قەلەڕەش: چۆن تێناگەم؟ دەتەوێت چی بکەین؟

مار: هەموو بەیەکەوە یاری دەکەین کاتێکی خۆش بەسەردەبەین و من پێوەی دەدەم بەددانە تیژەکانم، هەروەها هەرچی ژەهرم هەیە دەیرژمە لەشییەوە تابەیەکجاری لەناوبچێت

قەلەڕەش: نا نا وانابێت دڵنیابە سەگ زۆر وریایە هەستی پی دەکات

مار: ئۆو ڕاست دەکەی دەڵێن سەگ هەرکەسێک بیەوێت درۆش بکات هەستی پێدەکات، ئەمە ڕاستە؟

قەلەڕەش: ئەوە نازانم، بەڵام دڵنیابە ئەوەی تۆ دەیڵێی باشە، بەڵام ئاوا بەئاسانی نابێت

مار: ئەی چی بکەین؟

قەلەڕەش: (بەوناوەدا دێت و دەڕوات و بیر دەکاتەوە) پێم باشە پێوەی بدەی بەڵام دەبێ فێڵێکی تر بکەین تابەیەکجاری لەناوبچێت...

مار: تۆ چیت پێ باشە؟

قەلەڕەش: دەتۆش بیرکەوە...

مار: من نازانم لەترسی سەگ چی بکەین دڵنیام ئاشکرامان دەکات

قەلەڕەش: ئاشکرابین ژیانمان لەناو دەچێت، من دەدەن بەهەلۆی گەورەی دارستان و بەشی یەک چڕنوک و دەنوکی ناکەم ڕاستەوخۆ پەل پەلم دەکات

مار: ئێ کەوایە منیش دەدەن بەژووژکە گەورەکە و ئەویش بەئاسانترین شێوە لەناوم دەبات و دەمخوات

قەلەڕەش: ڕاستە

مار: چی؟

قەلەڕەش: ڕاست دەکەی بەو شێوەیە لەناومان دەدەن

مار: ئێ کەوایە من ئەو کارەناکەم و نامەوێ ببمەخۆراکی ژووژکە گەورەکە

قەلەڕەش: باشە مەیکە بڕۆ، بەڵام هەر بڕۆی دەچم بەفیل دەڵێم باپانت بکاتەوە خۆشت دەزانی فیل و شازادە چەندە دۆستن

مار: باشە بڕۆ من خۆم دەربازدەکەم هەرچۆنێک بێت

قەلەڕەش: هەر لە دوای ئەوەی بە فیلم گوت دەچم بەژوژکی بەهێزیش دەڵێم، دەی بڕۆ... بامن بڕۆم پێیان بڵێم...

مار: نا نا مەڕۆ خۆمن ناڕۆم، بەڵام تۆ هیچ بیرۆکەیەکی باشت نییە...

قەلەڕەش: با هەمە... لێگەڕێ کەمێک بیرکەینەوە

(کەمێک بیردەکەنەوەو فیل و سەگ و کەریش هەروا بەدزییەوە گوێیان گرتووە، جارجار کەمێک سەریان دەردێنن و سەیریان دەکەن)

مار: وەرە قەلەڕەش وەرە باشترین بیرۆکەم هەیە

قەلەڕەش: چی؟

مار: چاوشارکێ دەکەین و بەجۆرێک لەجۆرەکان من بە شازادەوە دەدەم

قەلەڕەش: ئی ئەوە هەر بیرۆکەکەی پێشتر بوو

مار: دە بووەستە قسەم تەواو نەکردووە، هیچ نازانی

قەلەڕەش: باشە دەی بڵێ بزانم!

مار: وادەکەین و شتێک دەکەین فیل بەردەینەوە سەر شازادە بچکۆلە و بەهۆی قورسی فیلیشەوە بەیەکجاری شازادە لەناو دەچێ

قەلەرەش: نا نا باش نییە دڵنیابە سەرناگرێ فیل زۆر وریایە دواتر کەر بەردەوام چاودێرە، لەکاتی یاریکردندا ئاشکرادەبین

مار: ئەوانەهیچ نازانن تەنها سەگ کێشەیە

قەلەڕەش: وانییە فیل زۆر ژیرە بەخوا هەرگیز شتی وا ڕوونادات فیل خۆی دەکاتەقوربانی بۆشازادە جاچۆن دەتوانین وابکەین؟

مار: ئی وا لەکەر دەکەین بەربێتەوە سەری

قەلەڕەش: ئەویش نابێت چونکە سەگ بەدڵنیاییەوە شازادە ڕزگاردەکات

مار: کەوایەخۆم کارەکە دەکەم و تەنها خۆم پێوەی دەدەم لەناو یاریدا بێ ئەوەی هیچیان هەستی پێبکەن

قەلەڕەش: من بیرۆکەیەکی زۆر باشم هەیە بەڵام نازانم کەچۆن پێوەی بدەی ...

مار: بڵێ هاوڕێکەم بڵێ

قەلەڕەش: چاڵی گەورەی دارستان دەزانی ؟ دەچین لەوێ یاری دەکەین

مار: ئێ ئەوە چییە؟

قەلەڕەش: بوەستە قسە مەکە

مار: باشە فەرموو

قەلەڕەش: چاڵەکە پڕ دەکەین لە ئاو ئەوسا سەری چاڵەکە بەگژوگیا دادەپۆشین، لەکاتی چاوشارکێدا دەچین خۆمان دەشارینەوە من و شازادە بچکۆلە بەیەکەوە دەڕۆین، تۆش لەنزیک ئێمەوە بە...

مار: دواتر

قەلەڕەش: هەرکە بردمە لای چاڵەکەوە خۆمی پێدادەکێشم و دەیکەمە ناوچاڵەکەوە تۆش ڕاستەوخۆ خۆت بکە ناو چاڵەکەوە و پێوەی بدە

مار: ئەوە زۆرباشە

قەلەڕەش: ئەگەر ئەوان یەکسەر گەیشتیشن بڵێ ویستم ڕزگاری بکەم

مار: خەمت نەبێ واپێوەی دەدەم ڕاستەوخۆ گیانی دەرچێت

قەلەڕەش: منیش! منیش ئەگەرهاتن دەیکەمە هەرا، فریامان کەون خێراکەن، فریامان کەون

مار: ئەی ئەگەر نەهاتن خۆیان شاردبووەوە لەچاوشارکێ کەدا؟

قەلەڕەش: یەکەم خۆمان کەمێک درەنگ دەکەین تا ژەهرەکەت کاری لێ دەکات شازادەش مەلە نازانێ تا نزیک خنکان و مردن بێت ئەوسا دەیکەینە هەرا، تابێن...

مار: ئێ ئەگەر نەیانزانی نایکەینە دەنگە دەنگ و هەرا تا دەمرێت

قەلەڕەش: نابێت دوایی دەزانن ئێمە بووینە، بەڵام کەنزیک مردن بووەوە ئەوسا کە کردمانە دەنگە دەنگ گومان ناکەن دەڵێن ئەگەر کاری ئەوان بوایە بێدەنگ دەبوون

مار: زۆر ڕاستە ئافەرین هاوڕێی ژیرو زانام

قەلەڕەش: (بەلەخۆبایبوونەوە) سوپاس سوپاس ئەمڕۆ ئامادەکاری دەکەین بۆ یارییەکەی مردنی شازادە

مار: زۆرباشە ئەی کەی پێیان بڵێن وەرن هەمووممان بەیەکەوە یاری بکەین

قەلەڕەش: هەر ئەمڕۆکە تەواوبووین لەپلانەکەمان دەڵێین سبەی یاری دەکەین

مار: زۆر زۆر باشە

قەلەڕەش: ئای چەندە پەرۆشی ئەوڕۆژەم شازادە لەناوبەرم

مار: منیش سەدان ئەوەندە تا مەزرۆی پێوەدانی ئەوم

قەلەڕەش: بەڵام زۆر دڵنیابە هەرچی ژەهرە بیڕێژە جەستەیەوە

مار:هیچ خەمت نەبێ هەوادەکەم ...

(سەگ دەوەڕێت ودێتەسەر تەختەی شانۆ دەچێتە لایان)

سەگ: سڵاو هاوڕێیانی بەڕێز

مار: سڵاو سەگی بەوەفا ئەوەتۆ لەکوێ بووی؟

سەگ: من لای فیل وکەر بووم گوتم وەرن بۆ ئێرە و کەمێکی تر ئەوانیش دێن، بەنیازین یاری بکەین...

قەلەڕەش: ئێ پێمان بڵێ فیل و کەر چۆنن

سەگ: زۆرباشن و زۆر حەزیان بەیارییە

قەلەڕەش: تۆ لەمێژە لێرەی؟

سەگ: ئەی ئێستا نەهاتم

قەلەڕەش: مەبەستم لەمێژە لەم دەوروبەرەی؟

سەگ: نا نا من لای فیل وکەر بووم هەریەکە و کاری تریان هەبوو گوتیان تەواوی بکەین دێین

قەلەڕەش: بۆ ئەوان لەگەڵ تۆ نەهاتن؟

سەگ: ئێ ئەوان بە تەنها تەنها دێن چونکە کاری تریان هەبوو، دیارەتایبەت بووە بۆیە ویستیان بەتەنها تەنها بێن و لەگەڵ مندا کەسیان نەهاتن

مار: با ئێمە بڕۆین، قەلەڕەش کاری تایبەتی هەیە، ئێمەش...

(قەلەڕەش قسەی پێ دەبڕێت)

قەلەڕەش: ڕاست دەکات سەگی ئازیز

(کەر بەدیار دەکەوێت)

کەر: سڵاو هاوڕێیان چۆنن تەندروستیتان چۆنە؟

مار: زۆرباشین سوپاس ئەی فیلی هاوڕێت بۆ نەهات؟

کەر: فیل گوتی کارم تەواوبێت دێم ئەویش ئێستا دەگات

قەلەڕەش: بەخێربێی هاوڕێ

کەر: زۆر سوپاس

سەگ: (بۆن دەکات) ئەوە فیلیش وا دەگات

مار: چۆن دەزانی

قەلەڕەش: بەهەستی بۆنکردن

کەر: ڕاستە بەڵام سەگ ئەم ماوەیە هەستی بۆنکردن و هەستەکانی تری زۆر باش نین

سەگ: ڕاست دەکات هەستم زۆر کەم بووەتەوە

مار: چاک دەبێت هەروانابێت

(فیل بە دیار دەکەوێت)

فیل: سڵاو هاوڕێیان ببورن درەنگ کەوتم زۆر چاوەڕێ بوون؟

کەر: سڵاو، زۆر نییە ئێمەش گەیشتووین

مار و قەلەڕەش: بەخێرهاتی

مار: چۆنی فیلی بەڕێز

فیل: سوپاست دەکەم

سەگ: باش بوو زوو گەیشتی دەی با دەست بە یاری بکەین

فیل: چ یارییەک بکەین؟

کەر: یاری خانە خانە

مار: ببورن هاوڕێیان ئێمە کاری تایبەتمان هەیە و دەبێت بڕۆین

فیل: مەڕۆن هەموو بەیەکەوە یاری دەکەین، زۆر خۆشتر دەبێت

قەلەڕەش: نا نا سوپاس کارەکەمان زۆر گرنگە

سەگ: ئێستا شازادە بچکۆلەش دێت، مەڕۆن بەیەکەوە زۆر خۆشتر دەبێت ئەگەریاری بکەین

قەلەڕەش: زۆرم پێخۆشە ئەوە با بۆکاتێکی تربێت

فیل: باشەبەدڵی خۆتان، بەڵام کەی دێن یاری بکەین؟

مار: پێتان چۆنە سبەی بەیانییەکەی یاری بکەین لەلای کانییەکە

کەر: کامە کانی؟

قەلەڕەش: کانی داری بەرز ئەوەی دارەبەرزەکەی لێیە

سەگ: نا نا ئەوێ ناکەمێک دوورە و ئاودارە

مار: ئەوێ زۆرخۆشە ئەگەر ڕازین سبەی وەرنە ئەوێ و من و قەلەڕەش چاوەڕێتان دەکەین، هەرلەدوای خۆر هەڵاتەوە، ئێمە لەوێین

کەر: باشە لەبەردڵی ئێوە دێینە ئەوێ

فیل: من نایەم

قەلەڕەش: بەدڵی خۆت بکە

سەگ: نابێت یان نایەین یان هەمووومان دێین

قەلەڕەش: باشتریش هەمووتان وەرنە ئەوێ، شازادەش بێنن یارییەکی زۆر خۆش دەکەین

فیل: باشە تەواو، منیش دێم هەموومان لەکاتی دیاریکراو لەوێ ئامادە دەبین

کەر: چ یارییەک بکەین؟

مار: چاو شارکێ

سەگ و فیل : زۆرباشە

قەلەڕەش: منیش پێم خۆشە

کەر: شازادەش ئەو یارییەی پێ خۆشە، تەواو ئەو یارییە دەکەین

قەلەڕەش: کەوایە ئێمە دەڕۆین کارمان هەیە

سەگ: فەرموو بڕۆن و ئاگاداری خۆتان بن

(ماروقەلەڕەش دەڕۆن)

کەر: هاهاها

فیل: هاهاها

سەگ: بێ دەنگ بن نەکات نەڕۆشتبن (دەچێت سەیر دەکات) ڕۆیشتوونە هاهاها

سەگ: ئێستا من هەستم کرد کاتێک ئەوان پیلانەکەیان دانا فیل زوو ئامادەبوو

دڵنیام گوێی لەهەموو شت بووە...

فیل: بەڵی... هێشتا ئەوان یەکترییان نەبینی بوو من لێرە بووم

کەر: منیش هەر بەدوای قەلەڕەشەوە بووم تا گەیشتە مار

سەگ: کەواتە هەرسێکمان ئاگاداری پیلانەکەین بەڵام پێویستەچی بکەین ؟

کەر: پێویستە بیرکەینەوە

فیل: ڕاست دەکات

سەگ: باشەدەی بابیربکەینەوە چۆن پیلانەکەیان پوچەڵ بکەینەوە

(دەست دەکەن بەبیرکردنەوە، دوای کەمێک شازادەبچکۆلە بە دیاردەکەوێت)

شازادە: سڵاو هاوڕێ ئازیزەکانم

سەگ: سڵاو هاوڕێی خۆشەویست

فیل: زۆرباش بوو ئێستا هاتی، زۆر بەخێربێی

کەر: سڵاو لەتۆش شازادە وەرە بابۆت باس بکەین

شازادە: چی بووە؟ چیم بۆ باس دەکەن خۆ هیچ هاوڕێیەکمان توشی هیچ نەبووە؟

کەر: نەخێر

سەگ: بەڵام تۆ لەمەترسی دایت!

فیل: بەڵی دەبێ زۆر ئاگاداری خۆتبی

شازادە: بۆچی؟ چی بووە؟ من باشم بۆ لەمەترسیدام

فیل: ئێمە ئەوە چەند ڕۆژە ئاگادارین و دەزانین کە مار و قەلەڕەش دەیانەوێت تۆ لەناوبەرن

شازادە: من من بۆ؟ خۆمن دوژمن و دژی ئەوان نیم، ئەوان وەک هاوڕێ ی خۆم سەیردەکەم

کەر: ئەوان وانین زۆر زۆر ڕقیان لێتە

(شازادە سەیری سەگ دەکات تابزانێ قسەی هەیە)

سەگ: ڕاست دەکەن و هاوڕێکانمان گاڵتەناکەن ئەوان بەنیازن بەیەکجاری لەناوت بەرن

فیل: تامن مابم نایەڵم هیچ کەسێک ئازارت بدات

کەر: من بۆ هاورێیەکی وەکو تۆخۆم دەکەمە قوربانی

(سەگ دەوەڕێت وەک ئەوەی بڵێ منیش)

شازادە: ئێ بۆچی؟ خۆ من لەچاکە زیاتر هیچم بۆیان نییە

کەر: ئەوانە ناخیان پیسە

سەگ: دووزمانن هەرگیز ژیر نابن

شازادە: دەپێم بڵێن چی بووە چی ڕوویداوە؟

فیل: بەنیازن تۆ فڕێ بدەنە ناوچاڵە قوڵە ترسناکەکەی نزیک داری بەرز، ئەوەی لای کانیاوەکەوەیە

کەر: دواتر کەتۆ کەوتییە ناو ئاوەکەوە ئەوسا مار دێت پێوەت دەدات و هەرچی ژەهرە دەیڕێژێتە ناو جەستەتەوە

شازادە: چۆن وادەکات من ناچم بۆ ئەوێ... کەواتە یانی ناتوانێ وابکات

فیل: بەنیازی یاری چاوشارکێن بەپیلانی خۆ شاردنەوە تۆ دەبەنە نزیک چاڵەکە و پاڵت پێوە دەنێن ئەوسا مار کاری خۆی دەکات...

سەگ: ئێمە ئەمڕۆ بەپلان لە بەیانییەوە هەر چاودێری ئەوانمان کردووە و چەند ڕۆژە دەیانەوێ پیلان دابنەن و لەناوت بەرن

شازادە: زۆر سەیرە! نازانم قەلەڕەش ناخی بۆ وا پیس و بۆگەنە دیارە بیری چووە کەوا هەڵۆی گەورە ئەوی بەخشی...

ئەمجارە بزانێت خەریکی کارێکی چەپەڵی وایە پەل پەلی دەکات و دڵنیام نای بەخشێ

فیل: دڵنیابە ژووژکی گەورەش مار نابەخشێت

کەر: ڕاستە

سەگ: ئیستا چی بکەین؟

شازادە: من نایەم بۆ یارییەکە و ئەوانیش کارەکەیان پوچەڵ دەبێتەوە...

سەگ: (بەتوڕەییەوە) شتی وانابێت

شازادە: بۆچی؟

سەگ: چونکە ئەگەر ئەوەش نەبێت ئەوان هەرخەریکی پیلانی تردەبن بۆ لەناوبردنت

کەر: ڕاست دەکات خۆت کەر مەکە

فیل: ڕاست دەکات خۆت کەر مەکە هاهاها

کەر: فیل بەسی بکە باشە مەبەستم ئەوەنیە کەر بێ دەماغە سەد بەقەد تۆ هۆشیارترم

سەگ: بەسی کەن کاتی ئەوەنییە

شازادە: وایە...ئەی چی بکەین

کەر: ئەوان ئێستاکە خەریکی ئەوەن چاڵەکە ئامادە بکەن و سەری جوان بە گژوگیا دادەپۆشن تا تۆ نەیبینی و فرێت بدەنە ناوچاڵەکەوە

فیل: ئافەرین ڕاست دەکەی

کەر: هەر بۆیە ئێستا دەچین کات درەنگی کردووە و ڕەنگە لەکۆتایی

کارەکەیان بنبزانین چی دەکەن

فیل: ئەی ئێمە چی بکەین؟

کەر: بوەستە قسەکانم تەواوبکەم من بیرۆکەیەکی باشم هەیە

ئەگەر ئێوە بەدڵتان بێت

سەگ: فەرموو

شازادە: کەری ئازیز چییە؟

کەر: دوای ئەوەی بینیمان کارەکەی ئەوان تەواو بوو ئێمەش شەو درەنگ دەچین چاڵێکی گەورە

هەڵدەکەنین و پڕی ئاو دەکەین وەک چاڵی گەورە، بەڵام لەپێش چاڵی گەورە، ئێمەش وەک ئەوان دەیشارینەوە بەدار و درخت و گژوگیا

فیل: ئێ ئێ دواتر

کەر: بوەستە

سەگ: لێی گەڕێ باقسەبکات

کەر: ئەوان نازانن چاڵێکی تر هەیە لە کاتی چاوشارکێکەدا ئەوان شازادە دەبەن بۆ لای چاڵەکە

شازادە: وایە

کەر: پێش ئەوەی بگەنە چاڵەکەی خۆیان دەکەونە ناو ئەو چاڵەکەی ئێمەوە کە بۆمان داناون

فیل: ئەی سەگ ئەرەوەڵڵا

(کەر و شازادە و سەگ دەست دەکەن بەپێکەنین)

سەگ: زۆر باشە پیلانەکەم زۆر بەدڵە ئافەرین

شازادە: زۆر باشە و منیش پێم زۆرچاکە

فیل: شانازیت پێوە دەکەم کەتۆ هاوڕێی منی دەی ئێستا بابڕۆین بزانین چی دەکەن

سەگ: شەویش هەموو دەست بەپیلانەکەمان دەکەین و
چاڵەکە لێ دەدەین...

شازادە: یارییەکی خۆش دەبێ سبەی هەر لەگەڵ خۆر هەڵاتن هەموو بەیەکەوە ئامادە دەبین

کەر: بەڵام ئەگەر بەیانی داهات هیچ خۆتان مشەوەش مەکەن، وەک ئەوە بێت ئاگاداری هیچ نین و ئێمەش هیچ پیلانمان نییە، باشە؟

سەگ: زۆر زۆر باشە بابڕۆین و شەویش زوو دەست بەکارەکە دەکەین

شازادە: فەرموو کەری ئازیز پێش کەوە

(بەم گۆرانییە کۆتایی بەم دیمەنە دێت)

نابێت هیچ کەسێک وابێت

خراپەی هاوڕێی هەبێت

چونک گوتوویانە وایە

خراپە نارەوایە

چاڵ بۆ هەرکەس هەڵکەنی

هەرگیز خۆت پێناکەنی

پێویستە ئێمە هەمووان

دژ یەکتر نەبین لە ژیان

ژیان بەهاوکاری جوانە

نەوەک وەکو ئەم دووانە.

**تاریکی**

**دیمەنی سێیەم**

(ڕۆژ زەردەی داوە و کاتی خۆر هەڵاتنە هێشتا دەنگی هەندێک لەزیندەوەرانی دارستان دەبیسترێت و لەلایەکی دارستانەکەوە قەلەڕەش و مار وەستاون)

قەلەڕەش: لێرەوە دەیبەین و وادەکەین هەست بەهیچ نەکات

مار: بێگومان بە سەر دەگرێ و لەناوی دەبەین...

قەلەڕەش: بەڵێ بەڵێ چونکە واچاڵەکەمان شاردۆتەوە هەروەکو ئەوە وایە چاڵیش نەبێت

مار: دڵنیابە، پێویست بە دوودڵی و نیگەرانی ناکات

قەلەڕەش: کە کەوتە چاڵەکەوە دوای ئەوەی لەکاتی مردندا بوو

خۆشمان وانیشان دەدەین کە زۆر دڵسۆزین و پێمان ناخۆشە

مار: هەر وادەکەین... ڕەنگیشە هەر ئێستا بەدیار بکەون

با پیاسەیەک بکەین

قەلەڕەش: نا نا با ئەو گژوگیایە تێک نەچێت هەر لێرە دەبین تا دێن

مار: دەڵێی دەترسی؟

قەلەڕەش: نا نا چۆن دەترسم پیلانەکەمان زۆر تۆکمەیە، بەڵام شتێک رووبدات بەدڵنیاییەوە لەناومان دەبەن ئەگەر

خۆشیان پەل پەلمان نەکەن بەدڵنیاییەوە دەمان دەنە دەست ژووژک و هەڵۆ ڕاستەوخۆ لەناومان دەبەن

مار: مەترسە کاری وا ڕوو نادات

قەلەڕەش: باشە بۆ نەهاتن؟

مار: ئێستا دێن

قەلەڕەش: دڵم خێرا لێدەدات

مار: ترساوی هیچ نییە

قەلەڕەش: دەبێت هەستیان بەهیچ نەکردبێ

مار: چۆن هەستی پێ بکەن یان چۆن بزانن؟ بێ خەمبە هاوڕێ دڵخۆش بە ئەمڕۆ دوژمنی دڵمان لەناودەچێت

قەلەڕەش: زۆر حەزدەکەم بەچاوی خۆم بیبینم کە پێوەی دەدەی

مار: خۆشی ببینە بزانە چی دەکەم

قەلەڕەش: باشە ئەو دەنگەی شەو چی بوو؟ بۆ ئەو خشپەخشپە هات کە بیستمان، دەبێ ئەوان نەبوو بن؟

مار: زۆر دوودڵی و دەترسی، ئێرە دارستانە گیانداری زۆری لێیە و ئەوان هیچ نازانن دەربارەی پیلانەکەمان ئەگەر بزانن هەر نایەن

قەلەڕەش: ئەوەش ڕاستە، بەڵام من لەوە دوودڵم دەترسم بەخۆیان و ژووژک و هەڵۆی گەورەوە بێن و ببینن... بە پیلانی ئێمەیان زانیبێت

مار: ها! نا نا شتی وانابێت

(لەم کاتەدا فیل و کەر بە دیار کەوتن)

کەر: سڵاوتان لێبێت

فیل: بەیانی تان باش هاوڕێیان

مار: زۆر بەخێر هاتن

قەلەڕەش: بەیانی ئێوەش باش بۆ وادرەنگ کەوتن؟

فیل: تا نانی بەیانیمان خوارد،خۆمان ئامادەکرد، ئاوا درەنگ کەوتین

قەلەڕەش: من نانی بەیانی هەر ناخۆم

کەر: چۆن دەبێت زۆر پێویستە نانی بەیانیان بخورێت، وزەو هێزت پێدەدات، زیانی تەندروستی زۆرە، دەبێ نانی بەیانی هەر بخۆی

مار: باشە ئەی شازادە و سەگی ئازیز بۆ لەگەڵ ئێوەدا نین؟

فیل: ئەوان ڕەنگە کەمێکی تر بگەن پەلەتانە؟

قەلەڕەش: نا ناپەلەی چیمانە تا نیوەڕۆ یاری دەکەین هێشتا زووە

مار: نا من دەبێ زوو بچمەوە چونکە برسیم دەبێ

فیل: بۆتۆش بەیانیان نان ناخۆی؟

مار: نەخێر

فیل: ئێ بۆیە برسیت دەبێ و...

(لەم کاتەدا سەگ دەوەڕێت لەپشتەوە، ئەوان دەزانن سەگ و شازادە وادێن هێدی هێدی دەنگی پێیان نزیک دەبێتەوە و هەردووکیان بەیەکەوە دێنە شوێنی یارییەکەیان)

قەلەڕەش: یاخوا بەخێربێن چاوەڕوانی ئێوە بووین

شازادە: سڵاو هاوڕێیان چۆنن ؟

مار: زۆر سوپاس شازادەی خۆشەویست ئاوەدانت کردەوە

سەگ: هەموو باشن هاوڕێیان؟

فیل: زۆر باشین تەنها چاوەڕوانی ئێوەبووین

کەر: بۆچی وا درەنگ کەوتن؟

سەگ: شازادە کاری هەبوو

مار: گوێ مەدێ گرنگ هاتن هێشتاش کات ماوە

قەلەڕەش: بەڵێ بەڵێ زۆر زووە

شازادە: ئێستا چۆن دەست بەیاری بکەین واتە چ یارییەک بکەین؟

مار: چاوشارکێ

کەر: نەخێر چاوشارکێ هیچ خۆش نییە

قەلەڕەش: با با زۆر خۆشە

فیل: بەدڵی ئێوە هەرچی یارییەک بێت گرنگ یەکتری ئازار نەدەین

مار: بەڵێ بەڵێ هەر دەبێ وابێت

شازادە: ئاوا نابێت پێم باشە ڕێژەی دەنگ وەرگرین

کەر: یانی چۆن؟ تێناگەم

سەگ: واتە چەند کەس زۆرتر ئارەزووی لەیاریەک بوو ئەو یارییە دەکەین

شازادە: کەری ئازیز حەزت بەچ یارییەکە سەرەتا؟

کەر: من دەمەوێ یاری بگرە و بەردە بکەین

سەگ: هەر زۆر خۆشە

فیل: باشە باشە دەیکەین

شازادە: نا نا نابێ دەبێ بیکەینە دەنگدانەوە

کەر: باشە

قەلەڕەش: بەڵێ بەڵێ دەنگدان باشترین و گونجاوترین بڕیارە

مار: وایە دەی من دەڵێم چاوشارکێ ئەوەی دەڵێ چاوشارکێ بابێتە لای من

کەر: منیش دەڵێم بگرەو بەردە کێ حەزی بەم یارییەیە بابێتە لای من

(کەر و مار بەرامبەر یەکتر رادەوەستن)

شازادە: من دەڵێم چاو شارکێ بۆیە دەچمە لای ماری بەڕێز

فیل: منیش دەڵێم بگرە و بەردە بۆیە دەچمە لای کەری ئازیز

قەلەڕەش: منیش دەڵێم چاوشارکێ

(دەچێتە گروپی مار)

سەگ: من... من ... (دوودڵە)

قەلەڕەش: وەرە ئێرە چاوشارکێ خۆشترە

فیل: نەچی وەرە لای خۆمان

شازادە: ئەگەر بچی دەبێ شتێک بشارین کێ زانی ئەویارییە دەکەین، چونکە یەکسان دەبین دەبێتە سێ بەسێ، یان شێروخەت دەکەین بۆ کێ دەرچوو ئەویارییە دەکەین

سەگ: من خۆم یەکلایی دەکەمەوەبوەستن (دوودڵە)

من من دەچمە لای مار

(گروپی مار دەست دەکەن بەچەپڵە و خۆشی)

کەر: باشە چاوشارکێ چاوشارکێ

فیل: کێ چاوی دەشارێتەوە

شازادە: من

سەگ: باشە

کەر: دەی دەست پێ بکەو ئێمەش خۆمان دەشارینەوە تا بیست بژمێرەو وەرە

فیل: کێت کۆتا کەس دۆزییەوە ئەو براوەیە

قەلەڕەش: نا نا باشازادە چاوی نەشارێت کێ لەهەمووممان گەورەترە با ئەو چاوی بشارێ

فیل: یانی من چاوم بشارم؟

سەگ: نا نا نابێت

کەر: نەخێر ئێمە چاومان ناشارینەوە

مار: باشە کەری بەڕێز تۆ چاوت بشارەوە

شازادە: ڕاست دەکات

سەگ: نابێت

فیل: ماری ئازیز تۆچاوت بشارەوە

قەلەڕەش: ئەوە هەر نابێ

شازادە: ئەی چی بکەین؟

سەگ: من بیرۆکەیەکم هەیە لەنێوانی گەورەترین و بچوکترینمان یەکمان با چاوی بشارێ

مار: واتە من و فیل؟

شازادە: بەڵێ ئەوە زۆر باشە

کەر: بەدڵمە

قەلەڕەش: (بەنا بەدڵییەوە) باشە خراپ نییە

شازادە: شێروخەتی بۆ دەکەین

مار: ڕازیم، بەڵام ئەمجارە لەولاوە خۆمان دەشارینەوە

جارێکی تربۆ ئەولا

(ئامارژە بۆ لایەکی تری چاڵەکە دەکات نایەوێت بچێتە لای چاڵەکە)

قەلەڕەش: باشە

کەر و سەگ: باشە کێشە نییە

شازادە: (شێرو خەتەکە دەکات) ئامادەن؟

فیل و مار: بەڵێ ئامادەین

شازادە: فیل تۆ چیت دەوێ

فیل: شێر

مار: منیش خەت کێشە نییە

(شازادە دراوەکە هەڵدەدات وهەموو سەیری دەکەن خەت دەردەچێ)

مار: کەوایە فەرمووچاوت بشارەوە

قەلەڕەش: باشە ماری ئازیز با لە هەمووشوێنێک خۆمان بشارینەوە

مار: بەدڵی خۆتان...

کەر: بەڵێ بەڵێ با ئازاد بین

مار: لەکوێ خۆتان دەشارنەوە بشارنەوە ئازادن

سەگ: باشە دەی فیلی ئازیز چاوت بشارەوە

(کەر ئاماژە بۆ سەگ دەکات ئاگاداری شازادەبێت)

فیل: دەی دەست پێ دەکەم (دەچێت چاوی دەشارێتەوە) بژمێرم هاوڕێیان؟

کەر: نا بوەستە کەی گوتمان دەست پێ بکە ئەوسا چاوت بشارەوە

فیل: باشە

(کەر بە ئاماژە دەڵێ من دەچم لەوێ خۆم دەشارم بەڵام دوورە لەچاڵەکە سەگیش هەر بەئاماژە ئاماژە بۆ جێگایەکی تر

دەکات ئەویش دوورە لەچاڵەکەوە ماریش قۆڵ لە قۆڵی شازادە هەڵدەکێشێ و بەئاماژە دەڵێ بابڕۆین، بۆلای چاڵەکەی دەبات و هەر لەو ساتەشدا قەلەڕەش کەمێک دوورتر لەشازادە ومارەوە هێدی هێدی دەیەوێت خۆی بشارێتەوە)

سەگ: دەی ئێمە وادەست پێ دەکەین و تۆش دەست بکە بەژماردن، فیلی هاوڕێم بژمێرە...

فیل: باشە (دەست دەکات بەژماردن)

(سەگ و کەر بۆشوێنی خۆیان دەڕۆن ومار و شازادەش بەخێرایی ڕادەکەن بۆ شوێنی خۆیان و قەلەڕەشیش لەگەڵیان دەست دەکات بەڕاکردن قۆڵی شازادە دەگرێت واتە شازادە دەکەوێتە بەینی هەردووکیان)

شازادە: دەی خێرا ڕاکەن

(دەزانێت ئەوە چاڵەکەیە بۆیە زۆر بەخێرایی خۆی لەبەینی هەر دووکیان دەرباز دەکات و باز دەدات هەر لەو کاتەدا مار و قەلەڕەش دەکەونە ناو چاڵەکەوە و دەبێ بەهەراو دەنگە دەنگ)

شازادە: ئەوە چی بوو؟

(سەگ وکەر و فیل هەریەکە و بەخێرایی دێن و دەبینن قەلەڕەش و مار لەناو چاڵەکەن)

فیل: ئەوە چی بوو؟ چاوتان نابینێت ئەوەچاڵە

کەر: ئێوە زۆر کەرن

شازادە و کەر وفیل: هاهاها

قەلەڕەش: (بەگریانەوە..کەوتووە) باڵە شکاوەکەم شکاوەتەوە

مار: (بەنووزە و ناڵەوە) هەموو گیانم شکاوە

سەگ: باشە ئێوە ئەو چاڵە گەورەیەتان بۆ نەبینی بوو؟

مار: خۆ ئەم چاڵە چاڵە گەورەکە نییە (بەئازارەوە)

سەگ: بۆ چاڵی گەورەتر هەیە

قەلەڕەش: نا نا ئەوە خۆشی نازانێت چی دەڵێت (بەگریانەوە)

شازادە: وابزانم ئەمە تەڵەی خۆتانە

سەگ: تەڵەی چی؟

مار: تەڵەی چی؟

قەلەڕەش: هەر نازانین تەڵەچییە؟

سەگ: بەسە بێ دەنگ بن من بەئەنقەست گوتم تەڵەی چی من و فیل و کەری ئازیز هەر زوو دەمانزانی ئێوە پیلانتان لە ژێر سەرە...

مار: نەخێر نەخێر شتی وانییە (بەنوزانەوەوە)

قەلەڕەش: نا بەخوا وانییە

کەر: بێ دەنگ بن هەرسێکمان ئەو بەیانییە گوێمان لە پیلانەکەتان بوو کە بەنیاز بوون شازادە بکەنە ناوچاڵەکەوە و پڕپیشتان لەئاو کردووە

فیل: ماری ناکەس بەچە تۆش بەنیاز بوویت هەرچی ژەهرە بیرڕێژیتە جەستەی شازادەوە

شازادە: ئێمە ئاگاداری هەموو پیلانێکین هەر ئێستا هەڵۆی گەورە وژوژکی گەورەش دەگەنە ئێرە...

بۆ پەل پەل کردنی ئێوە و سزای کارەکانتان...

(قەلەڕەش و مار دەست دەکەن بەگریان و ناڵەو پاڕانەوە)

مار: تکایە بمبوورن من بێ تاوانم، هەموو هەڵەی قەلەڕەشە

قەلەڕەش: وانییە هەمووی هەڵەی ماری دوو زمانە

سەگ: ئێستا هەڵۆ دەگات

کەر: ژووژکیش لەڕێگایە...

مار: تکایە بەرم بدەن بەڵێن بێت لێرە دەڕۆم ئەم دارستانە بەجێ دێڵم جارێکی تر نایەمەوە

قەلەڕەش: بەڵێن بێت، بەڵێن بێت منیش دەڕۆم هەرگیز ناگەڕێمەوە تەنها ڕێگامان بدەن بڕۆین...

شازادە: ئێوەهەرگیز ژیر نابن

فیل: نا نا ژیر بوونی چی هەر ئەم هەفتەیە مار ماڵی چۆلەکەی تێک داوەو ئازاری چەندینی تری داوە

کەر: ئەی بۆ قەلەڕەش ناڵێی کەروێشک و ئاسکی بەهۆی دوو زمانییەکەیەوە لەیەک کردوو ئێستا بەیەکەوە قسەش ناکەن

سەگ: ئێوە هەر شایستەی لەناوچوونن

شازادە: ئەمە ئەنجامی کارە هەڵەکانتانە، ئێستا بەدەستی ئێمە و ژووژک و هەڵۆی بەهێز، ئازار دەچێژن، کەمێک بووەستن ئێستا دەیبینن چیتان لێ دەکەین...

(مار و قەلەڕەش زیاتر دەست بەپاڕانەوەدەکەن)

مار: تکایە تکایە بمان بوورن...

قەلەڕەش: بەقوربانتانبم بمبوورن

کەر: ئێستا دەیبینین با بێن...

(قەلەڕەش و مار زیاتر دەست بەگریان دەکەن)

قەلەڕەش: تەنها ڕێگامان بدەن بڕۆین باڵم شکاوە ئازارم زۆرە دەڕۆین هەرگیز ناگەڕێینەوە تکاتان لێ دەکەم

مار: ڕاست دەکات بەڵێن بێت ئازاری هیچ کەسی ترنەدەین تەنها ڕێگامان بدەن بڕۆین

کەر:نا نەخێر نابێت

سەگ: بەڵێن دەدەن هەرگیز لەهیچ شوێنێک ئازاری هیچ گیانەوەرێک نەدەن؟

قەلەڕەش: ئا ئا بەڵێن بێت (بەگریانەوە)

مار: تکایە زوو ڕێگا بدەن بڕۆین هەمووگیانم شکاوە

ئازارم زۆرە بابڕۆین، نامەوێ بمرم بەدەستی ژووژکی ددان تیژی بەهێزی گەورە...

قەلەڕەش: تکایە زوو ڕێگامان بدەن

شازادە: بەڵێن بدەن بۆ هەمیشە ئازاری هیچ گیانەوەر و زیندەوەرێک نەدەن، ئەوسا ڕێگاتان پێدەدەین

فیل: ڕاست دەکات بەڵێن بدەن

کەر: بەباشی بەڵێن بدەن و بەڵێن بدەن کە بەڵێنەکەش نەیشکێنن و نەگەڕێنەوە ئەم دارستانە...

قەلەڕەش: بەڵێن بێت هەرگیز ناگەڕێینەوە ئازاری هیچ کەسیش نەدەین (بەنوزە و پاڕانەوە)

مار: منیش بەڵێن دەدەم هەرگیز نابمە ئازار بۆ هیچ زیندەوەرو گیانەوەرێک (بەگریانەوە)

شازادە: خێراکەن بڕۆن نەگەڕێنەوە تا سێ ساڵی تر دوای سێ ساڵ ئەگەر هاتنەوە وەرنە لای ئێمەو دەتانبەین بۆ لای ژووژک و هەڵۆ تا لێتان خۆش بن و ئەوساش ئەگەر زۆر زۆر باش بووبن ئێمەش لێتان خۆش دەبین...

کەر: دەی کێشەنییە

مار: ئێمە بابڕۆین هەرناگەڕێینەوە

قەلەڕەش: زۆر زۆر سوپاستان دەکەین ئێوە زۆر باشترن لە ئێمە

سەگ: (بۆن دەکات) ئەوە هاتن ئێستا ژووژکی گەورە و هەڵۆش دەگەن (مار و قەلەڕەش زۆر بە شپرزە و بەپەلە پەلییەوە ڕادەکەن، بەڵام باڵشکاوی قەلەڕەش و ئازاری زۆریان پێوە دیارەو دارستان جێدێڵن و زۆر بەخێرای دەڕۆن و ڕادەکەن)

کەر: بەڕاستی وایان دەزانی هەڵۆی بەهێزو ژووژک دێن

فیل: ها ها ها بەڵێ وایە

شازادە: هیوادارم باشبن و بتوانن خۆیان چارەسەربکەن

سەگ: دەوەڕێت....

(بەم گۆرانییە کۆتایی بەشانۆکە دێت)

پـیلان و فـێڵ و خراپە
هـەرگیز کـاری وامەکە
هـاورێ دەبێ دڵسۆزبێ
لەخـزمەتی یەکدا بێ
هەرچ کارێک زۆر گرانە
بەهـەرەوەز زۆر ئاسانە
بۆیە پێویـستە ژیربین
تاهەرگیز تێ نەکەوین
کـاری خـراپ ئـاوایـە
پەشـیمـانی لـە دوایە
ڕاستگۆ و ڕاسـتی جوانە
چـرایـە لـەم ژیـانـە.

**کۆتایی**

# خەونێک لە دارستاندا دەبێت بەڕاستی

کەسایەتییەکان:

١. جوجەڵەی یەکەم

٢. مریشک

٣. ڕێوی

٤. جوجەڵەی دووەم

٥. جوجەڵەی سێیەم

٦. سەگ

٧. کیسەڵ

٨. کەروێشک

٩. خاوەن کێڵگە

١٠. خاوەن کێڵگەی دووەم.

شوێن: کێڵگە

کات:ڕۆژێکی خۆشی بەهار.

## خەونێک لە دارستاندا دەبێت بەڕاستی

(ڕێوی خۆی لەپەنا بەردێک شاردووەتەوە، مریشک و سێ جوجەڵەکەی تری خەریکی دان خواردن و گفتوگۆن،لە نێوانی ڕێوی و جوجەڵە و مریشکەکان تەڵەیەکی تۆکمەی لێیە کەخاوەن کێڵگەکە ناویەتیەوە، ڕێوی هێواش هێواش بەفێڵەوە بۆ خواردنی جوجەڵەکان دەچێت و ئاشکرا دەبێت)

جوجەڵەی یەکەم : دایکە دەترسم، ئەها ڕێوی هات

(ڕادەکاتە پەنا دایکی لەگەڵ جوجەڵەکانی تر)

مریشک: ڕێوی فێڵباز تۆ چی دەکەیت لێرە؟

ڕێوی: هیچ، هاتم بزانم دەنگوباستان چۆنە، ئێمە هاوڕێین و پێویستە ئاگاداری یەک بین...

مریشک: بەڵام ئەمە ڕەوشتی تۆ نییە هیوادارم وابیت و گۆڕابیت...

ڕێوی: دڵنیابە من وام و دڵسۆز و بەوەفای دارستانم، هاوڕێیەتی دەزانم، ئێ پێتان چۆنە کەمێک یاری بکەین؟

جوجەڵەی دووەم: ئەها زۆر خۆشە دەی با یاری بکەین

جوجەڵەی سێیەم: چی بکەین؟

جوجەڵەی دووەم: چاو شارکێ

مریشک: بوەستن ڕۆڵەکانم ئێمە خۆمان بەیەکەوە یاری دەکەین و ڕێوی جێگای باوەڕنییە... ئەمە ئامۆژگاری منە و دایکیشم هەروا ئامۆژگاری کردووم

جوجەڵەی دووەم: نا دایکە خۆ ڕێوی پەلەمارمان نادات، ئەوەتە هاوڕێمانە و یاریمان لەگەڵ دەکات

جوجەڵەی یەکەم: نابێت باوەڕی پێ بکەین برا و خوشکە جوانەکەم ئەها بیرتانە خاوەن کێڵگەکەش دەیگوت ئەم ڕێوییە فێڵبازە مریشکی خاوەن کێڵگەکەی تری خواردووە و دەبێت من ئاگاداربم...

مریشک: بەسیکەن دەی ڕێوی خێرا لێرە بڕۆ

(کەمێک بەترسەوە خۆی گڤ دەکاتەوە و بەدوقە دوق بۆی دەڕوا)

جوجەڵەی دووەم و سێیەم: دایکە بوەستە

ڕێوی: ئەها مریشکی هاوڕێم سەیرکە جوجەڵەکانیشت

بەو دڵە پاکەیانەوە دەزانن من ڕاستگۆم و فێڵباز نیم، بۆیە هات و هاوار مەکە و هەموو بەیەکەوە یاری دەکەین و کاتێکی زۆر خۆش بەڕێ دەکەین (بەخۆ نواندنەوە)

مریشک: پێت دەڵێم خێرا بڕۆ ئەگەر نا بانگی سەگی هاوڕێمان دەکەم یان دەیکەم بەهەرا و هات و هاوار...

جوجەڵەی یەکەم: دەی ڕاست دەکات زوو بڕۆ ئێمە خۆمان چوارین، پێویستمان بەکەس نییە یاریمان لەگەڵدا بکات (دەیەوێت هاوار بکات) هۆ سەگی..

ڕێوی: وسبە وسبە وسبە بۆ بانگی سەگ دەکەی

خۆ ئێمە هاوڕێین خۆم دەڕۆم

جوجەڵەی سێیەم: بۆچی وا بەڕەقی و ناخۆشی ڕەفتار دەکەن ئێمەیاری دەکەین خۆ هیچ ناکات

جوجەڵەی دووەم: دڵنیام درۆ ناکات بەشێوەی دەم و چاوی دیارە

مریشک: ڕۆڵەکانم ئێوە نازانن ئەوە چەندە زۆرزانە...

(لەو کاتە ڕێوی خۆی ئامادە دەکات بۆ پەلەماردانی جوجەڵەی یەکەم کە لە پشتەوەیە، مریشک هاوار دەکات لەگەڵ جوجەڵەکانی تر... ڕێوی لەکاتی پەلەماردانی پێی بەتەڵەکەوە دەبێت و ڕاستەوخۆ دەکەوێت و لەگەڵ دەنگی مریشک و جوجەڵە و ئازار و هاواری ڕێوی، سەگ دێتە ژوورەوە ـ بە وەڕینەوە)

سەگ: هاوڕێیانم ئێوە سەلامەتن؟

مریشک: بەڵێ هاوڕێی تەنگانەمان ئێمە باشین و زۆری نەمابوو ئەمە بخوات

(ئاماژە بۆ جوجەڵەی یەکەم دەکات)

سەگ: ئەی پێم نەگوتن ئاگاداری خۆتان بن و بەفێڵی هەڵنەخەڵەتێن

جوجەڵەی سێیەم: ببورە وام زانی وەکو ئێمەوایە و درۆ ناکات

جوجەڵەی دووەم: ڕاست دەکات، بەڵام زۆر سەیرە چۆن دەبێت ئێمە ئازاری یەک بدەین، باشە ئەی دایکە تۆ هەمیشە

ناڵێی دەبێ لێبوردە و هاوکاری یەک بین و ئازاری یەک نەدەین...

جوجەڵەی سێیەم: ئا ڕاست دەکات ئەی هەموو جارێ هەر تۆ ناڵێی دەبێت دڵ و دەروونمان پاک بێت و لەگەڵ یەک دا ڕاستگۆ بین؟

مریشک: بەڵێ، بەڵام خۆمن پێم گوتوون ڕێوی فێڵبازە و دەبێت ئاگاداری بن ئەگەرنا دەمانخوا

جوجەڵەی سێیەم: دایکە چۆن دەبێت ئێمەی گیانداران دوژمنی یەک بین و یەک بخۆین ویەکتر لەناو ببەین؟

سەگ: ڕاست دەکەی، بەڵام ئەو سروشتی وایە و ناگۆڕێ

دایکت لە ئێوە بە ئەزموون ترە....

(ڕێوی هاوار و ناڵە دەکات لەبەر ئازار... شەرمەزاریشی پێوە دیارە)

سەگ: (دەچێتە لای ڕێوی) ها ڕێوی ئەی ئەو ڕۆژە یارمەتیم نەدایت تا بەتەڵەی خاوەن کێڵگەکەی ترەوە نەبیت و ڕێگای ڕاستیم پێشان نەدای و ئامۆژگاریم نەکردی کەچیتر هەڵەی وانەکەی؟

ڕێوی: خۆمن مەبەستی خراپم نەبوو، ویستم باوەشی

پێدا بکەم و یاری بکەین...

جوجەڵەی یەکەم: وانییە سەگی بەوەفا و دڵسۆز

ڕێوی: ئەوەتا بەجوجەڵەکانی تر بڵێ من پێم گوتن با یاری بکەین و هیچ کات مەبەستم ئازاری هاوڕێکانم نەبووە

مریشک: بەسی بکە بەچاوی خۆمان بینیمان خۆ درۆ لەگەڵ خۆماندا ناکەی

(جوجەڵەی دووەم و سێیەم بەگومان دەبنەوە و وانیشان دەدەن خەریکە باوەڕی پێ بکەن)

ڕێوی: پێشم گوتن وەرن با کاتێکی خۆش بەسەر بەرین و من هاوڕێی گشتی ئەم دارستانەم و هەرگیز ئامۆژگارییەکانی تۆم (سەیری سەگ دەکات) لەبیرناچێت ...

سەگ: دەی باشە هیوادارم...

ڕێوی: دەی باشە هاوڕێیان ئازارم زۆرە تکایە لەم تەڵە نەفرەتییە ڕزگارم بکەن (بەنوزاندنەوەوە نواندن دەکات)

سەگ: بەمەرجێک ئازادت دەکەین بەڵێن بدەی کەوا هاوڕێیەتی بزانی و ئازاری هیچ جوجەڵەو گیاندارێک نەدەی

ڕێوی: (لەبەر خۆیەوە) ها چۆن دەبێت... ببوورە

ببووره مەبەستم ئەوەیە چۆن دەبێت وانەبم خۆ من هاوڕێی ئێوەم بەڵێنیشم پێشتر پێدان بیرتە؟

سەگ: بەڵێ بەڵێ بیرمە بەڵام دەترسم تۆ لەبیرت نەبێت چۆن دڵنیابین بیرت ناچێت؟

ڕێوی: دڵنیابن بیرم ناچێت... تەواو!

مریشک: ئاخر چۆن بزانین بیرت ناچێت و بەڵێنەکەت دەبەیتە سەر؟

ڕێوی: ئازارم زۆرە ئێوە بەزەییتان نییە تکایە زوو فریام کەون

جوجەڵەی سێیەم: بۆ وەڵامیان نادەیتەوە ڕێوی

ڕێوی: من (بەشەلە شەل هەڵدەستێتەوە زۆر بەئەستەم وناخۆشی ...) من بەڵێنم داو بیرم ناچێت، گەر وانەبوو ئەوسا مافی خۆتانە

چیم لێ دەکەن بیکەن یان پێم بڵێنەوە...

(دەست دەکاتەوە بەنوزانەوە تکایە زوو یارمەتیم بدەن، بەردەبێتەوەو سەگیش خێرا دەچێتە لای خەریکی کردنەوەی تەڵەکەی دەبێت و مریشکیش هێدی هێدی بۆ لای سەگ و ڕێوی دەڕوات وسەیری لێکردنەوەی تەڵەکە دەکات لەوکاتەدا ڕێوی

سەیری سەگ ومریشک و جوجەڵەکان دەکات کەوا هەموو سەیری تەڵەکە دەکەن ئەویش تامی دەمی خۆش دەکات بۆ خواردنی مریشک لەو کاتە سەگ دەوەڕێت)

سەگ: ئەوە ئێستا ئازادت دەکەم بەڵام ڕاستەوخۆ دەچیتە لای دکتۆر و خۆت تیمار دەکەی بە کیسەڵی دکتۆریش دەڵێی

بەڵێنم داوە چیتر فێڵبازی نەکەم

ڕێوی: خۆ من فێڵبازنیم و فێڵبازیش ناکەم،بەسەر چاو، وای پێ دەڵێم بەڵام کیسەڵی دکتۆر زۆر خاوە دەترسم منیش

زۆر بەخاوی تیمار بکات و بە هێواشی چاک ببمەوە و...

مریشک: دەی خێرا بڕۆ

ڕێوی: باشە (دەڕواو ئاوڕ دەداتەوە و هەرچاوی لەجوجەڵە و مریشکەکانە)

سەگ: هاوڕێیان هێشتا باوەڕم بەڕێوی نییە زۆر ئاگاداری خۆتان بن

مریشک: زۆر سوپاس بۆ بوونت سوپاس بۆ هاوکاری و دڵسۆزی و بەوەفاییت...

جوجەڵەی دووەم: تۆش ئاگاداری خۆت بە نەکەویتە تەڵەی ڕێوییەوە

سەگ: نا نا خەمت نەبێت من هەر بەبۆن کردنم دەزانم لەکوێ تەڵە هەیە بێ خەم بن (دەچێتە نێوانی جوجەڵەکانەوە) ئازیزانم بەگوێی دایکتان بکەن و لەئامۆژگارییەکانی دەرمەچن

جوجەڵەکان: وادەکەین دڵنیابە

(گۆرانی)

ئێمە دڵپاک و چـاکین
لەفیڵـدا زۆر بێـباکین
فریـوی هاوڕێ نادەین
کاری هەڵەی واناکەین
بۆیە هەردەم دڵخـۆشین
بەری ڕاسـتی دەنـۆشین

سەگ: زۆر باشە هاوڕێیانم من دەڕۆم بزانم کەسی تر پێویستی پێم نییە لە نێو کێڵگەو دارستاندا

مریشک: خوات لەگەڵ و ساتێکی خۆش

جوجەڵەی یەکەم: خوات لەگەڵ و هەمیشە بەهێز بی

(سەگ دەڕوات، تاریکی)

کیسەڵ: ڕێوی بۆ وا دەشەلی وەرە بزانم چیتە؟

ڕێوی: دکتۆری زاناو هێمن من بەم دڵەپاک و بێگەردەمەوە ویستم یاری بکەم و ساتێکی خۆش لەگەڵ مریشک و جوجەڵەکان بەسەر ببەم، بەڵام مریشکی درۆزن فێڵی لێکردم و منی بەفێڵ بە تەڵەوە کرد...

کیسەڵ: باوەڕناکەم ڕێوی بەڕێز، چونکە مریشک خانمی دارستانە و دڵی زۆر پاکە، دەترسم تۆنیازت پاک نەبوو بێت

ڕێوی: تۆ من دەناسی من چۆن شتی وادەکەم، نیاز خراپی لە من هەر نایە...من بەم هەڵوێستە جوامێرانەوەم هەرگیز ناتوانم نیازم خراپ بێت

کیسەڵ: دەی بە هەرحاڵ بزانم چیتە؟

ڕێوی: وابزانم پێم شکاوە و ئازارم زۆر زۆرە چارەسەرم بکە، بەڵام تکایە با خێرا چاک ببمەوە کارم زۆرە و دەبێت زوو بیان کەم

کیسەڵ: زۆر باشە من هەوڵی خۆم دەدەم بەڵام بەرلەوەی سەیرت بکەم و چارەسەرت بۆ دابنەم ئەوە بزانە خۆپارێزی و خۆ پاراستن باشترە لەچارەسەر

ڕێوی: دەزانم دکتۆر بەڵام دەمەوێ چارەسەرەکانت خێرا بن و زوو چاک ببمەوە

کیسەڵ: دەی وەرە پێش، بیبینم بزانم شکاوە یان نا،

(لەو کاتەدا پێی هەڵدەکات بەخوێنەوەیە، شین بوەتەوە، ڕێوی ئازاری زۆرە) دەی کەمێک بجوڵێ بزانم شکاوە یان نا

(هەندێک سەیر دەکات و خەریک دەبێ)

نەخێر نەشکاوە بەڵام زۆر زۆر خراپت بەسەر داهاتووە و هیچ جیاوازی لەگەڵ شکاندا نییە...

ڕێوی: (لەبەر خۆیەوە) ئەگەر نەت خۆم من ڕێوی نیم

کیسەڵ: چی دەڵێی دەنگت بەرز بکەوە

ڕێوی: هیچ دەڵێم سوپاسی هەستی بەڕێزتم تۆ باشترین دکتۆری ئەم دارستانەی

کیسەڵ: چییە ڕێوی کاری ترت نییە

ڕێوی: نا دکتۆر گیان ... بەڕاستمە

کیسەڵ: باشە بوەستە بزانم، هەندێک دەرمانت بدەمێ و بۆت جوان بیپێچم

ڕێوی: دکتۆر زۆر باش دەکەی بەڵام تکایە بازوو چاک ببمەوە چونکە بەڕاستی من دەمەوێ تۆڵەی خۆم بکەمەوە و ئێستاش زۆر ئازارم هەیە

سەگ: (بەوەڕینەوە دێت) سڵاوتان لێ بێت هاوڕێیان

ڕێوی و کیسەڵ: سڵاو

ڕێوی: ها سەگە بەوەفاکەی مریشک چی دەکەی لێرە؟

سەگ: هاتووم بزانم چیت بەسەر هاتووە و گوتم بزانم

هاتووە بۆ تیماری خۆی

کیسەڵ: ڕێوی واز بێنە من تیمارت ناکەم تۆ تۆڵە لە کێ دەکەیتەوە ئەگەر چاک ببیتەوە؟

ڕێوی: تۆڵەی چی دکتۆر؟

کیسەڵ: تۆ گوتت تۆڵەی خۆم دەکەمەوە و ئازارم زۆرە

ڕێوی: نا مەبەستم ئەوەبوو ئازارەکەم زۆرە و زۆر تاڵە ئازارەکەم ...

دەمەوێ زوو چاکبمەوە

کیسەڵ: بەڵێ دیارە وایە، دەی کێشە نییە من هەرگیز باوەڕم پێت نەبووەو نابێت

سەگ: دکتۆر تۆ دەزانی لەچییەوە وای لێهاتووە؟

کیسەڵ: بەڵێ دەزانم بۆی باسکردووم

سەگ: زۆری نەمابوو جوجەڵەی مریشک...

(ڕێوی لەو کاتەدا هاوار دەکات)

ڕێوی: پێم ئازاری زۆرە تکایە دکتۆر دەرمان... شتێک بکە بۆم ببەستە (سەگ دەیەوێت لە قسەکانی بەردەوام بێت و ڕێوی زیاتر خۆی نەخۆش دەکات ...)

کیسەڵ: باشە باشە بوەستە ئەوە هاتم هەر ئێستا دەرمانەکانت پێ دەدەم و دوای چوار بۆ پێنج ڕۆژی تر وەرە، سەرم لێ بدە ئەگەر نەتتوانی هەواڵم پێبگەیەنە و خۆم دێم (دەرمانەکانی دەداتێ و خەریکی پێچانەوەی پێی دەبێت)

سەگ: دکتۆر بەڕاستی خراپ بریندار بووە؟

کیسەڵ: بەڵێ زۆریش

(ڕێوی ئازاری زۆر)

سەگ: زۆری دەوێ چاک بێتەوە؟

کیسەڵ: پاش چوار بۆ پێنج ڕۆژی تر دیار دەبێت
بەڵام باوەڕناکەم وابێت

ڕێوی: بەهیوام وابێت... من سوپاس گوزاری هەردووکتانم تۆ تیمارم دەکەی و تۆش سەگی بەوەفا ئامۆژگارییەکانتم لەبیرە

کیسەڵ: دەی تەواو ئێستا برۆ پشووبدە و بیرت نەچێت خۆت ئازار نەدەی، لەسەری نەڕۆی...

ڕێوی: باشە بەسەرچاو دکتۆر ئامۆژگاری کەستان لەبیر ناکەم دەی، من دەڕۆم کاتێکی خۆش (ڕێوی دەڕوا و سەگیش میز دەکات و پاشان ڕوودەکاتە دکتۆر)

سەگ: دکتۆر گیان من زۆر چاودێری دەکەم لەوەتەی هاتووەتە ئەم دارستانە هیچ باش نایەتە بەرچاوم

کیسەڵ: زۆر ڕاست دەکەی ئاگاداری بە... بەڵام من لەوە نیگەرانم مریشک بۆ فێڵی لێ کردووە؟

سەگ: فێڵی چی؟

کیسەڵ: ڕێوی گوتی بەفێڵ منی بەتەڵەوە کردو منیش نیازم پاک بوو دەمویست یارییان لەگەڵدا بکەم، ئەمە جوان نییە بۆ مریشکەخان وانییە سەگی دڵسۆز؟

سەگ: ئەوە تۆچی دەڵێی دکتۆر، تۆشی هەڵخەڵەتاند، دڵنیابە وانییە

کیسەڵ: ئەی چۆن ئەو بەتەڵەوە بووە ئاوا بەخراپی؟

سەگ: وابزانم ویستوویەتی بەفێڵ هێرش بکاتە سەر جوجەڵەکانی مریشک وخاوەن کێڵگەکەش تەڵەی لەترسی ئەوە دانابوو، چونکە مریشکەکانی کێڵگەی دراوسێی زۆری خنکاندبوو، هەندێکیشی بریندار کردبوو... ئێ ئەمە کاری کێیە؟ بێگومان ڕێوی

کیسەڵ: ئەها ئێستا تێگەیشتم کەوایە سەگی بە وەفا زۆر ئاگاداری جوجەڵەو تەواوی گیاندارانی تر بە...

سەگ: بێگومان بە وادەکەم هیچ خەمت نەبێ

(هەر لەو کاتە کەروێشک بەڕاکردن وگریانەوە دێتە ژوورەوە)

کەروێشک: تکایە فریام بکەون خێرا بەچکەکانی تەواو کردم... نازانم ماون یان نا

سەگ: چی بووە خێرا قسە بکە

کەروێشک: ڕێوی فێڵباز پەلەماری بەچکە جوانەکانمی دا و نازانم چی بەسەر هێناون، بەڵام بینیم کەوا بەچکە جوان و خرپنەکەمی بەدەمەوە بوو بەشەلە شەل ڕای دەکرد (دەگرییێت)

کیسەڵ: ئێ چی تر خێرا قسە بکە

کەروێشک: بەڵام خرپنەی زیرەک ئەو دارەی بەدەستییەوە بوو بەخێرایی لەپێی چەقاندو وابزانم لەشوێنی برینەکەی دا هەر بۆیە خێرا دەمی کردەوە و هاواری لێ هەڵسا و پەلەماری داینەوە و من و بەچکە جوانەکانیشم خێرا بەرەو ماڵەکەمان ڕامان کرد، بەڵام من دەرگام لەسەر بەچکەکانم داخست و خێرا هاتمە ئێرە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن تکایە فریامان بکەون

سەگ: ئەی ڕێوی چی بەسەر هات؟

کەروێشک: وابزانم هەر لەم ناوەیە، بەڵام دەرگام توند داخستووە خێرا با بڕۆین بزانین بەچکەکانم ماون یان نا

کیسەڵ: دەی خێرا کەن با بڕۆین تا هیچ کارەساتێکی ئەنجان نەداوە (هەموو بەخێرای دەیانەوێ بڕۆن

مریشک بەخۆیی و یەکەم جوجەڵەوە دێت)

مریشک: سڵاوتان لێ بێت هاوڕێیان

هەموو: سڵاو لەتۆش

مریشک: خێرە وا بەخێرایی دەڕۆن؟

کەروێشک: بەچکەکانم لەمەترسی دان

مریشک: نا نا خەمت نەبێت خاوەن کێڵگەکە فریا یان کەوت و ڕاوی ڕێوی نا وبەچکەکانت لەگەڵ هەردوو جوجەڵەکەی من لەژێر سەرپەرشتی خاوەن کێڵگەن و واخەریکی یاری کردنن

(کەروێشک هەناسەیەکی ئارامی هەڵدەمژێت...

هەمووان ئارام دەبنەوە)

کەروێشک: سوپاس بۆ هاتنت زۆر دەترسام و دڵخۆشت کردم

کیسەڵ: مریشکەخان ببورە خەریک بوو ڕێوی بەهەڵەم دا ببات دەربارەی نەرم ونیانی و دڵ پاکیت

مریشک: دڵنیام درۆی کردووە وانییە؟

سەگ: بەڵێ ڕاست دەکەی ویستبووی درۆت بۆ هەڵبەستێت

مریشک: ئاساییە دکتۆری زانا گرینگ ئەوەیە ئێمە هاوکاری یەکتربین و بەدرۆ و بوختانی کەس باوەڕ نەکەین

کەروێشک: ڕاست دەکات و پێویستە چارەیەکیش

لەم ڕێوییە نەفرەتییە بکەین

جوجەڵەی یەکەم: بەڵێ پێویستە وانەیەکی باشی فێربکەین لەدادگای دارستان دا

سەگ: بەڵێ ئەمە بیرۆکەیەکی باشە... بەڵام چۆن چی بکەین؟

(هەموو خەریکی بیر کردنەوەن)

کیسەڵ: دەیگرین و وانەیەکی باشی پێ دەدەین

سەگ: نا با لەسێدارەی بدەین لەدادگای دارستاندا

کەروێشک: من نازانم گرینگ ئەوەیە بوونی نەمینێت لەم کێڵگانەدا

مریشک: واباشە هەردوو دەستی و قاچەکانی بشکێنین، (کەمێک بیر دەکاتەوەو سەری خۆی دەخورێنێت) بەڵام نابێت چۆن دەبێت ئێمە ئاوا بیرکەینەوە و دڕندە ئاسابین

جوجەڵەی یەکەم: من پێم باشە لە دادگای دارستاندا لەسێدارەی بدەین...

کیسەڵ: چۆن؟

سەگ: بۆ قسە ناکەی جوجەڵەی ژیر؟

جوجەڵەی یەکەم: کاتێک پەتی سێدارە دەکەینە ملی پێشوەخت دەبێ... ئا ئا بیرۆکەیەکی تریشم هەیە کوا بێ دەنگ بن وابزانم کەسێک هات ئەم شەو هەموو کۆدەبینەوە و لەسەر هەمان بیرۆکە قسەدەکەین، دەی بابڕۆین (دەنگی پێ دێت) وابزانم کەسێک هات شەو بیرۆکەیەکی جوانتریش پێشنیاز دەکەم

(دەنگی پێیەکە کەمێک نزیکتر دەبێتەوە)

سەگ: من بەدڵمە، بیرۆکەیەکی باشە بەڵام چۆن نەمرێت نازانم!

کیسەڵ و کەروێشک: بیرۆکەیەکی نایابە

مریشک: (بەشانازییەوە) ئافەرین جوجەڵەی ژیرم

(دەنگەکە نزیکتر دەبێتەوە گیانداران هەموو بەخێرایی ماڵئاوایی لەیەک دەکەن و هەریەکەو بۆ جێگایەک دەڕۆن و کێڵـگەکە چۆڵ دەبێت، تەنها سەگ خۆی دەشارێتەوە لەپەنا بەردێک لەو کاتەدا خاوەن کێڵگە بەدیار دەکەوێت بەخۆی کڵاوێکی گەورە و جلێکی گەورە، پۆستاڵێکی کارکردنی لەبەر دایە، کەمێک بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەوناوە دەکات واهەست دەکات کەوا گیانداران لەوێ بوون و لەوکاتەدا سەگەکە دەوەڕێت و بەدیار دەکەوێت و خاوەن کێڵگەش لەقەد دارێک میوەیەک لێ دەکاتەوە بە پێی وەرزی نمایش، میوەکە دەخوات و ڕوو دەکاتە سەگ)

خاوەن کێڵگە: دەزانی سەگی بەوەفا ڕێوی زۆر خۆی ناشرین کردووە دەبێت لە ناوی بەرم وانەیەکی وای فێر بکەم هەرگیز بیر لەم دارستانە نەکاتەوە

(سەگ ئاماژەی ڕازی بووی بۆ دەکات)

خاوەن کێڵگەی دووەم: (لەلایەکی تر دێتە ژوورەوە) سڵاو هاوڕێی ئازیزم خاوەن کێڵگەی یەکەم: سڵاو تەندروستیت چۆنە، بەخوا لەکاتێکی زۆر باشدا هاتی بیرم لەڕێوی دەکردەوە بڵێ بزانم لەگەڵ ڕێوی داچۆنن؟

خاوەن کێڵگەی دووەم: زۆر خراپم هەرچی مریشک وجوجەڵە هەیە هیچم نەماوە و هیچی بۆ نەهێشتووم، بەڵام بەڵێنم داوە لەناوی بەرم

خاوەن کێڵگەی یەکەم: ههههههە ببورە مەبەستم خۆشی نییە، بەڵام منیش خەوم نەماوە نازانم چی بکەم تا دەربازم بێت لێی

خاوەن کێڵگەی دووەم: من پیلانێکی زۆر باشم هەیە دڵنیام سەر دەکەوم بەهەردوو سەگەکەم و بەتەڵەی چاڵ و ئاسایی بەنیازم هەر لەناو کێڵگەکەی خۆم بیگرم ئەوسا خۆم دەزانم چۆن لەناوی دەبەم

(لەو کاتەدا سەگ دەوەڕێت ومیزێک دەکات و دەڕوات)

خاوەن کێڵگەی یەکەم: جا تازە نایەت بۆ کێڵگەکەی تۆ، دەزانێ هیچ خواردنی لێ نەماوە

خاوەن کێڵگەی دووەم: نا نا گۆشتی بۆ دادەنەم یان مریشک دەکڕمەوە و پێی ڕاودەکەم ئەوسا دەست دەکەمەوە بەڕاگرتی پەلەوەرەکانم.

خاوەن کێڵگەی یەکەم: بە هیوام ... خەمت نەبێت منیش بیرۆکەی باشم بۆی هەیە پێش ئەوی تۆ بیگری وابزانم من لەناوی دەبەم لەم دارستانەدا

خاوەن کێڵگەی دووەم: دەی هاوڕێ ئازیز بەهەردووکمان هەر لەناوی دەبەین، وا شەوە من دەبێت بڕۆمەوە کێڵگەکەی خۆم، هیوای خەوێکی خۆش و شەوێکی ئارام

خاوەن کێڵگەی یەکەم: خۆشتر وئارام تر بۆ تۆی بەڕێز، ئاگاداری ڕێوی بە

خاوەن کێڵگەی دووەم: هههههههه

(بەپێکەنینەوە تا بزر دەبێت)

خاوەن کێڵگەی یەکەم: ئەو ڕێوییە گەڕە خۆخەریک بوو ئەو بێچووە کەروێشکە خنجیلانانە بخوات هەر باش بوو فریایان کەوتم... دەبێت من زۆر ئاگاداربم، دەنا ڕەنجی چەندین مانگم دەخوات، ئەی باشە ئێستا بۆ ئەم شەو چی بکەم؟ ڕەنگە ئەم شەو نەیەتەوە، چونکە ئەمڕۆ ڕاوم ناوە با ئەم شەو بێ ترس

لێی بنووم، ئەوە واشەویش داهات و درەنگی کرد بڕۆم بخەوم باشە بۆ بەیانی هەموو تەڵەکانم بەکاربێنم...

(کەمێک بیردەکاتەوە) ها ئەی بۆ ئێستا تەڵەکان نەنێمەوە باشترە پارێزگاری لەخۆم بکەم نەک پەشیمان ببمەوە

(سەگ لەوکاتە دێتەوە گوێ ڕادەگرێت، دڵسۆزی خۆی نیشان دەدات و بەجۆرێک وەک بڵێی پاسەوانی دەکات)

ئاوا باشە ئێستا تەڵەکان دابنەمەوە دەی بابڕۆین سەگی بەوەفا کات درەنگە و خێرا ئەو تەڵانەش دابنێینەوە ...

(تاریکی)

(بەیانی زووەو مریشک و کیسەڵ و سەگ بەدیار دەکەون)

کیسەڵ: بەڕاستی بیرۆکەکانی جوجەڵە زۆر نایاب بوون

مریشک: بەڵام ئەوە سێ ڕۆژە چاوەڕێین

سەگ: بەڵێ، بەهیوام بەزووترین کات بەتەڵەکانەوە بێت

کیسەڵ: وایە ئەو کات بەڵگەشمان دەبێت کەبۆ خواردنی کەروێشک یان جوجەڵەکان هاتووە

مریشک: بەڵێ بەڵێ ئەوە زۆر باشە چاوەڕوان دەبین تا خۆی دێت و پێوە دەبێت، ئەوە سێ ڕۆژە، دوو سێ ڕۆژی تر هەر بەدیار دەکەوێ ڕەنگە هێشتا تەواو چاک نەبووبێتەوە

کیسەڵ: نا چاک بووە... دوێنێ هاتە لام هەر زۆر باش بوو دڵنیام سبەی دووسبەی تەواو بێ کێشە و تەندروست تر دەبێت

سەگ: کەواتە ئێمە ئامادەین... من دەڕۆم خەریکی کاری خۆم دەبم...

کیسەڵ: زۆر باشە هاوڕێی بەوەفام منیش دەڕۆم مریشکەخان تۆش ئاگاداری خۆت و جوجەڵەکانت بە

مریشک: خواتان لەگەڵ

(هەریەکەو بەئاڕستەیەک دا دەڕۆن و خاوەن کێڵگەی یەکەم بەدیار دەکەوێت)

خاوەن کێڵگەی یەکەم: زۆر سەیرە ئەوە بۆ ڕێوی بەتەڵەکانمەوە نابێت! بەتەڵەی کێڵگەکانی تریشەوە نابێت، تا ڕاوی نەکەم دڵم ئارام ناگرێ...

(مریشک لێرەدا دەڕوات)

واباشە سەگەکانی هەموو کێڵگەکانی تێ بەردەم ڕەنگە هەست بەتەڵەبکات، ها بەڵام با بیبینم... نا نا دڵنیام ئەوەش باش نییە

(سەگ دێتە ناو کێڵـگە و بەوەڕینەوە، وەک بڵێی سڵاو بکات و دڵسۆزی نیشان بدات)

واباشە مریشکە پەیکەرێک لەگەڵ چەند پارچە گۆشتێکی بۆ بۆن لەنزیک تەڵەکە بۆ دابنێم، دڵنیام ئاوا پێوە دەبێت، ئا ئەم شەو ئەوە جێ بەجێ دەکەم...

(خاوەن کێڵگەکە دەڕواتە دەرەوەو سەگیش گوێی لە هەموو ئەم قسانە بوو، ڕووناکی دەکوژێتەوە کات سەر لەئێوارەیە، هەموو گیانداران ـ کیسەڵ +سەگ +مریشک +جوجەڵەی یەکەم +جوجەڵەی دووەم+جوجەڵەی سێیەم و کەروێشک)

سەگ: ئەم شەو زۆرترین تەڵە دادەنرێت هەروەها گوێم لەخاوەن کێڵگەکەبوو کەوا پەیکەری مریشکێک دادەنێت لەگەڵ چەندین پارچە گۆشت تا بەتەڵەکانی ڕێوی بگرێت

کیسەڵ: لەکێڵگەکەی تریش دا خۆم بینیم خاوەن کێڵگە چەندین تەڵەی نایەوە ئەو هەژارەی کەوا ڕێوی ماڵی لێ تێکدا و هەموو ڕەنجی بەفیرۆدا

کەروێشک: لەلای ماڵی منیش دا خاوەن کێڵگە دوو تەڵەی باشی ناوەتەوە

مریشک: دەی کەوایە ئێستا چی بکەین؟

جوجەڵەی یەکەم: دڵنیام ئەم شەو پێوە دەبێت و کارەکەمان و پیلانەکەمان سەر دەگرێت

کیسەڵ+سەگ+مریشک: بەهیواین

(دەنگی تەپەی پێ دێت وگوێیان لەخشپەی دەنگی پێی ڕێوی دەبێت سەگ گوێی ڕادەگرێ)

سەگ: بێ دەنگ بن وابزانم ڕێوییە

(کەروێشک بەترسەوە خۆی لەپەنای سەگ دەنێت)

کیسەڵ: دەی سەگی ئازیز سەیرێک بکە یان بەهەستی بۆنت بزانە کێیە

(سەگ دەچێتەلای چەپی شانۆ و بۆن دەکات و سەیر دەکات بەپەلە دەگەڕێتەوە)

سەگ: بەڵێ، ڕێوییە بۆ ئەم تەڵەیە هاتووە و

وادەزانێ مریشکی ڕاستییە

جوجەڵەی یەکەم: هەمووتان خۆتان بشارنەوە کەس دەنگی لێوە نەیەت هەرچییەک ڕووبدات لەو هەموو تەڵەیە خۆ ڕزگاری هەر نابێت خۆ ئەگەر هەر پێوەنەبوو دڵنیابە کاتێک دەگاتە لای من هەرپێوە دەبێت چونکە... (مریشک قسەی پێ دەبڕێ)

مریشک: زۆر نیگەرانم دەترسم هەر شتێکت لێ بکات

سەگ: خەمت نەبێت هیچ نابێ جوجەڵە ڕاست دەکات ئەگەر لەهەموو ئەو تەڵانە ڕزگاری بێت لەتەڵەی جوجەڵە ڕزگاری نابێت

(دەنگی پێی ڕێوی و هەناسەی دەبیسترێت و خێرا هەمووان خۆیان دەشارنەوە لە پەنای دار و بەردو تەپۆلکەی کێڵـگەکە، چاوەڕوانی هاتنی ڕێوین)

کیسەڵ: وایە ڕەنگە هەر دڵی لای جوجەڵەی خەپان بێت

بۆیە هەر پێوە دەبێت...

جوجەڵە: دەی خێراکەن وا گەیشت خۆتان بشارنەوە

تەواو دەست دەکەین بەپیلانەکەمان...

(جوجەڵە بۆ خۆی لەکۆتا تەڵەی سەر تەختەی شانۆ واتا لەپشت تەڵەکەوە خۆی گرمۆڵە دەکات وبەجۆرێک وا نیشان دەدات ئاگاداری ڕێوی نییە و خەریکی چیلکە و بەردەمی خۆی دەبێت ڕێویش هێواش هێواش هەنگاو بە هەنگاو پێ دەنێتە سەر تەختەی شانۆ و زۆر لەسەرخۆ و بە وریاییەوە سەیر دەکات ولەپەیکەرە مریشکەکە دەچێتە پێشەوە زۆر هۆشیارانە مامەڵە دەکات و دوودڵ دەبێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەپەیکەرە مریشک و بە هەڵوێستەوە لەپەیکەرە مریشک دەڕوانێ و چاوی بەتەڵەکە دەکەوێت و چاو ئەبڵەق دەبێت و تەواو دڵنیا دەبێتەوە ئەمە فێڵە و تەڵەیە)

ڕێوی: ها ها ها وادەزانێ من سەگ و کەرم گێل ونەزانم هههههه هەموو تەڵەکەیان بۆ ئەوەیە پێوەبم، بەڵام دڵنیایان دەکەمەوە جوجەڵەکان دەخۆم و خۆشم پیاو چاک نیشان دەدەم...

(ڕێوی خۆی لەتەڵەو پەیکەرە مریشک ڕزگار دەکات و چاوی بە جوجەڵە ڕاستییە خەپانەکە دەکەوێ و لە خۆشییان ئاگاداری خۆی نامینێ ودەست دەکات بە هەڵپەڕکێ و خۆشی دەڕبڕین)

ڕێوی: وای وای لەم ساتە خۆشەی ...(لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) باشە ئەمە خەون نییە؟ کوڕە گێلەی نەزان بۆ پەلەماری نادەی تا کەس دیار نییە، وەی چەند چەورە...

(سەیری دەور و بەری خۆی دەکات و کەس دیار نییە بۆیە زۆر بەخێرایی پەلەماری جوجەڵەی خەپان دەدات و لەخێرایی و پەلەی دەست کەوتنی نێچیرەکەی سەیری هیچ ناکات و بەدڕەندە ییەوە پەلەماری جوجەڵە دەدات و بەرلەوەی دەستی بگاتە جوجەڵە بەتەڵەوە دەبێت و هاواری لێ بەرز دەبێتەوە)

ڕێوی: (بەهاوارەوە) دەمەوێ بێم یاریت لەگەڵ بکەم

جوجەڵە: بەڵێ بەڵێ دەزانم هەروەکو چۆن دەتویست

یاری لەگەڵ براو خوشکەکەم بکەی

ڕێوی: (بە ئازار و ناڵەوە) ڕاست دەکەی من زۆرم حەز لەیارییە

(هەموو گیاندارانی خۆ شاراو دێنەوە ناو کێڵـگەکە)

کەروێشک: بەڵێ هەر وەکو چۆن حەزت دەکرد یاری

لەگەڵ بێچووەکانم بکەی

(ڕێوی سەری دادەخات)

کیسەڵ: هەر وەکو چۆن منت فریودا لە کاتی نەخۆشییەکەت هەر ئاواش دەتەوێ هەمیشە یاری بکەی

جوجەڵە: ئێستا لەسێدارەی دادگای دارستانی دەدەین بەتاوانی پەلەمار و فێڵ وتەڵەکە

(ڕێوی هاوار دەکات) دەی سێدارەکەبێنن

(هەردوو جوجەڵە سێدارەکە دێنن بۆ لەسێدارەدانی ڕێوی، ڕێوی دەست دەکات بەنوزەنوز و گریان و پاڕانەوە)

ڕێوی: تکایە لەسێدارەم مەدەن... تەنها دەمەویست یاری بکەین خۆ ئەمە تاوان وخواردن نییە

جوجەڵەی دووەم: تا بەچاوی خۆمان نەمان بینی کەچۆن پەلەماری جوجەڵەی برامت دا هەرگیز باوەم نەدەکرد ئەوەندە فێڵبازبیت

جوجەڵەی سێیەم: نەمان دەزانی نیازت ئەوەندە بۆگەنە و لەپاڵ هاوڕێیەتی کاری قێزەون دەکەی

جوجەڵەی یەکەم: ئازیزانم کاری خراپتریشی کردووە درۆ-بوختیان - خواردن - خنکاندن زۆری تریش دکتۆری ئازیزیشی هەڵخەڵەتاندووە...

سەگ: کەستان نازانن چەند چەپەڵە من نەبێت ئێستا بەدەردی کەمتیاری دەبەین

ڕێوی: ئەی هاوار کەمتیار نا تکاتان لێ دەکەم لە سێدارەم بدەن بەڵام ئاوا نا دەڵێن کەمتیار زۆر پەلەقاژەی کردووە و هەموو گیانی لەت لەت کراوە تا مردووە تکایە تەنها لە ناوم بەرن بەو ئازارە زۆرەوە مەمکوژن

مریشک: نا نا خەمت نەبێ پێت چۆنە سەمات بۆ بکەین

کیسەڵ: لە کەمتیار خراپترت بەسەر دێنین ئێستا

کورسی سێدارەکە دابنێن

(سەگ کورسی سێدارە ئامادە دەکات، لەبەرامبەر پەتی سێدارە هەمووان خەریکی پیشاندان و ترساندنی زیاتری ڕێوی دەبن)

ڕێوی: تکایە بەزەییتان هەبێت بەڵێن بێت هەرچی بڵێن بۆتان دەکەم یان ئەم دارستانە بۆ تا هەتایە بەجێدەهێڵم

جوجەڵەی دووەم: نەخێر بە دڵنیاییەوە دەبێت لە کەمتیار زیاتر ئازار بچێژی

کەروێشک: ڕاستە چیرۆکی کەمتیار بۆتە بەر باسی تەواوی تۆبەکاران و خراپەکاران بەهۆی ئەو ئازارە زۆرەی چەشتی، بەڵام لەئاست ناپاکییەکەی هێشتا کەم ئازار دراوە...

بەڵام تۆ دڵنیابە چیرۆکی کەمتیار کە باو باپیرانمان دەیگێڕنەوە ڕەش دەکەیتەوەو تۆ دەبیت بە نموونەی هێنانەوەی ئازار و خراپە، هێندە ئازارت دەدەین... دەبێ لەم ڕۆ بەدواوە باسی چیرۆکی ناپاکی دڕندەیی و بێوەفایی و فێڵی ڕێوی بکرێ نەک کەمتیار

ڕێوی: هەرچی دەڵێن بەڵێن دەدەم هەرچی پێتان خۆشە وادەکەم تەنها ئەم جارە بمبەخشن یان زوو لەسێدارەم بدەن بەبێ ئازار...

جوجەڵە: دەی سەگی ئازیزی بە وەفا بیخەرە سەر کورسی سێدارە و دڵنیاش بە گوریسی سێدارەکە زۆر ئەستووربێت و نەپسێت...

(ڕێوی بەترس وگریانەوە سەیری کورسییەکە دەکات وسەگ بەرێی دەکات بۆ سەر کورسی سێدارە)

سەگ: تەواوە بێ خەمبە جوجەڵەی ژیر

(ڕێوی لەسەر کورسی سێدارەیە و سەگ پەتەکە دەخاتە ملی)

ڕێوی: من هەڵەی زۆرم کردو لەکۆتاییدا پێش گیان لەدەست دانم...چونکە دڵنیام ...ئەو پەت و سێدارەیە لەناوم دەبات، زۆر ترسناکەو دەترس، سزای کارەکانمە... ڕازیم... (بەگریانەوە)

بەڵام ئێوە هیچ کات کاری خراپ مەکەن...

کیسەڵ: دەی سەگی بە وەفا وەرە ئەملاوە، جوجەڵەکان چونکە خەریک بوو ئێوە بخوات هەردووکتان کورسییەکەی ژێر پێی دەربهێنن و ئێوە لە ناوی بدەن

(ڕێوی دەگرییێت)

جوجەڵەی یەکەم ودووەم: باشە دکتۆری زانا

جوجەڵەی یەکەم: کاتژمێرەکە تەواوە بۆ لە سێدارەدانی و پەتەکەش ئەستوور و نەپسە سەگی ئازیز؟

سەگ: بەڵێ

مریشک: کەوایە من هەر گوتم لە ناوی بەرن جوجەڵەکانم کورسییەکە لابەرن لەژێر پێی

جوجەڵەی یەکەم ودووەم: زۆر باشە ئامادەین

مریشک: لەناوی بەرن

(جوجەڵەکان کورسییەکەی ژێر پێی لادەبەن و ڕێوی بۆ دە چرکەیەک بەپەتی سێدارەوە دەبێت و دواتر ڕێوی بەپەتەکەوە بەردەبێتەوە و پەتەکە دەپسێ یان بەردەبێتەوە، ڕێویش بێ ئەوەی سەیری هیچ بکات زۆر زۆر بەخێرایی و قیژەوە سەر تەختەی شانۆ بەجێدێڵێ و دەڕوا)

جوجەڵە: سەگی ئازیز زۆر ترسام وامزانی پەتەکەی ناپسێ

سەگ: (دەوەڕێت) نا نا زۆر باش بڕیبووم دەمزانی زوو دەپسێ بۆیە بێ خەمبووم

کیسەڵ: منیش ترسام، بەڵام دڵنیام هەرگیز ڕوو ناکاتەوە ئەم کێڵگە و دارستانە

جوجەڵەی دووەم: ئیتر بێ ترس یاری دەکەین

مریشک: هەر دەبێت هەمیشە ئاگاداری خۆمان بین، بەڵام لەم ڕێوییە بێ خەمبن هەرگیز ناگەڕێتەوە لەترساندا...

کەروێشک: سوپاس جوجەڵە پیلانەکانت شایستەی ڕێزن...

بابڕۆم بە بێچوەکانم بڵێم ئاسودەبن و دارستان ئارامە و فێڵ و تەڵەکەبازی و ڕێوی بوونی نەما...

جوجەڵەی سێیەم: دەی با ئێمەش یاری بکەین و گۆرانی بڵێین.

یەک دەنگین تێ دەکۆشین

دژی دوژمــن دەوەســتـیـن = بۆ یەک زۆر بەپەرۆشین

ئەم ژیانە هـەر ئـاوایـە = هەمووما‌ن یاری دەکەین

زانســت وەکــو چــرایـە= ئازاری یەکتر نادەین

بە پــلان و هونەری جـوان

سـەرکەوتوو دەبین لەژیـان

گەر یەک دەنگ و کۆ دەنگ بین

هیـچ کات مـاف خوراو نابین

بـۆیـە دەبـا هــەمـوومـان

یـەک گربـین دژی دوژمـنـان

هــەرچـی ڕێـوی ئـاســایـە

نامـێـنـێـت لـەم دنـیـایـە.

**کۆتایی**

# تۆڵە و هاوکاری

کەسایەتییەکان:

١. چیرۆکخوان

٢. مام ورچ

٣. سەگ

٤. گابۆر

٥. گوێدرێژ ـ کەر

٦. گای یەکەم

٧. گای دووەم.

شوێن: دارستان

## تۆڵە و هاوکاری

چیرۆک خوان: (سەتڵێک گوڵی پێیە) منداڵە ئازیزەکان، هاوڕێکانم، بەخێربێن سەر سەر و سەرچاوانم لەبەر ئەوەی ئێوە ئەوەندە ژیر و وریان و دانیشتوون ئاوا بەجوانی منیش چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە، هەر بەدڵی خۆتان (مام ورچ لەپشتەوە هاوار دەکات)

مام ورچ: ببورە ژیکەڵە من (دێتە لای چیرۆکخوانەکە)

من چیرۆکێکی خۆشتریان بۆ دەگێڕمەوە

کەزۆر زۆرخۆشترە لەچیرۆکەکانی تۆ

چیرۆک خوان: ئاخر مام ورچ ئەوانە میوانی منن بۆ لای من هاتوون، کەچیرۆکەکەی خۆم بۆیان گێڕایەوە ئەوسا کات بەتۆش دەدەم کەچیرۆکێکمان بۆ بگێڕیتەوە...

مام ورچ: نا نا ژیکەڵە... من هەر سەرەتا چیرۆکەکە دەگێڕمەوە

چیرۆک خوان: باشە تۆ چی بە منداڵەکان دەدەی کە چیرۆکەکەت تەواو کرد؟

مام ورچ: ها ها ؟ (لەبەر خۆیەوە) هیچ هیچ هیچیان پێ نادەم

چیرۆک خوان: بەڵام من ئەم گوڵانەیان پێشکەش دەکەم و دیاریش دەبەخشمە ئەو منداڵانەی کە زۆر جوان لە چیرۆکەکەم تێبگەن، کەواتە من سەرەتا چیرۆکەکە دەگێڕمەوە

(لەوکاتەدا سەگی هاوڕێی مام ورچ هێدی هێدی دێت بۆ ترساندی چیرۆک خوانەکە)

مام ورچ: ئێرە دارستانی ئێمەیە و منیش لە دارستانەکەی خۆم چیرۆک دەگێڕمەوە و کاتیش بەتۆ نادەم بەر لە من چیرۆکەکەت بگێڕیتەوە...

چیرۆک خوان: تۆ مافی من دەخۆیت و ڕێزی من و میوانەکانم ناگریت

مام ورچ: (هەندێک ڕادەوەستێ بیر دەکاتەوە...)

ڕاست دەکەیت مافی تۆیە فەرموو چیرۆکەکەتیان بۆ بگێڕەوە منیش دەچمەوە بۆ لای کاری خۆم

چیرۆک خوان: هاوڕێکانم دەگێڕنەوە ڕێوییەک و سەگێک زۆر...

(سەگ لەو کاتەدا چووەتە پشت چیرۆک خوانەکەو دەوەڕێت،

چیرۆک خوان لەترسان هاوار دەکات و شانۆکە بەجێدێڵێ،

سەگ دەست بە وەڕین دەکات تا مام ورچ لەسەری ڕادەوەستێ وبەجێی نەیەڵێ و نەڕوا، مام ورچ سەیری سەگ دەکات و پاشان تەماشای لای ڕاست دەکات و دەست بەچاوییەوە دەگرێت و سەیردەکاتەوە)

مام ورچ: سەگی ئازیز ئەوە کەری هاوڕێمان نییە وادێت؟

سەگ: بۆنی کەر ناکەم... (بۆن دەکات) بۆنی گابۆر دەکەم

(گا بۆر بەلای چەپدا دێتە لایان، دەچێتە نزیک سەگ و مام ورچ و دەبۆڕێنێ و مام ورچ و سەگ هەڵدەپەڕن و هاوار دەکەن لەترسان)

گابۆر: ئەوە ترسان (ها ها پێدەکەنێ) چۆنن خەم خۆرانی دارستان

سەگ و مام ورچ: باشین سوپاس

گابۆر: سەگی ئازا تۆ پاسەوانی دارستانی و هاوڕێی دێرینی مام ورچی ژیری چۆن دەبێ تۆ بترسیت؟

سەگ: (بەناڕەزاییەوە) ئاخر لەناکاو پەیدا بووی

مام ورچ: گابۆر لەگەڵ نەخۆشییەکەت چۆنی؟

گابۆر: زۆر باشم،نەخۆشی بەمن ناوێرێت و چیتر نەخۆشیش نیم و باسی نەخۆشییەکەی منیش مەکەن...

سەگ: (دەوەڕێت) گابۆر ئێمە تۆمان خۆش دەوێت و نامانەوێت بە نەخۆشی بتبینین دواتر بۆچی سوپاسی مام ورچی دانا ناکەی کەلە تەندروستیت دەپرسێت؟

گابۆر: من بە ئارەزووی خۆمە سوپاسی هەرکێ دەکەم یان نایکەم پێویستیش ناکات تۆ ئامۆژگاریم بکەیت، تۆ برۆ پاسەوانی کشتوکاڵەکەی مام ورچ بکە... با کەس لێی نەشێوێنێ و بەرو بوومەکەی نەخوا مام ورچیش لەپێناو ئەوەدا لەتە نانێکت پێ بدا ئەوە کاری تۆیە نەک ئامۆژگاری من

(سەگ توڕە دەبێت دەوەڕێت وپەلەماری گابۆر دەدات و مام ورچیش نێوانیان دەکات

سەگ دەگرێت، کە هێرش نەکاتە سەر گابۆر)

مام ورچ: هاوڕێی بەڕێز سوکایەتی بەکەس مەکە دواتر چۆن دەتوانی قسە بەسەگی هاوڕێمان بڵێی ئەو نەبوایە

پار ساڵ دارستانەکە هەمووی ئاگری دەگرت...

سەگی ئازیز باشترین هاوڕێی گیانداران و دارستانەکەمانە
(سەگ دەوەڕێت)
گابۆر: هەر بۆ وەڕین باشیت و هیچی تر...
من دەڕۆم خوا لەیەکتان نەکات
(کاتێک خەریکە دەڕوات، لەبەر خۆیەوە قسە دەکات)
خوا هەردووکتان لەناو ببات و بەدەم ئازارەوە بمرن
سەگ: مام ورچ وەرە با لە پاڵ ئەو درەختە کەمێک پشوو بدەین
مام ورچ: باشە هاوڕێ باشە
(کاتێک دەڕۆن بۆ پاڵ درەختەکە مام ورچ بەر دەبێتەوە وسەگیش یارمەتی دەدات تا بیگەیەنێتە پاڵ دارەکە، مام ورچیش جار جارە هاوارێکی کەم بۆ پێی دەکات سەگیش زۆر شڵەژاوە و نازانێت چۆن و چی بکات تا یارمەتی مام ورچ بدات)
مام ورچ: وەرە هاوڕێکەم وەرە من باشم و گاڵتەم لەگەڵ کردیت
پێم هیچ ئازاری نییە
سەگ: زۆر ترسام (دەوەڕێت)
(مام ورچ: ها ها ها

(لەم کاتە کەر بەدیار دەکەوێت)

کەر: سڵاوتان لێ بێت

سەگ و مام ورچ: (هەڵدەستنەوە) سڵاو لەتۆش

کەر: بەڕاستی ماندووم گابۆر ماندووی کردم وابزانم گابۆر شێت بووە

سەگ: بەڵێ بەڵێ ئەو هەر خۆی شێتەو شێتتریش بووە

مام ورچ: نا نا شێت نەبووە،

بەڵام منیش هیچ هەڵسوکەوتەکانیم بەدڵ نییە

کەر: باوەڕبکەن وابزانم ئەمجارە من ئاقڵم کردووە...

سەگ: کەری ژیر چی بووە؟ چیت کردووە؟

مام ورچ: ناکات ماڵەکەیت تێک دابێت؟!

کەر: نا نا لاساری و کاری وا چۆن لە کەرێکی ژیری وەکو من دەوەشێتەوە

(کەر خۆیی بادەدا)

سەگ: ناکات دووبارە شەڕت لەگەڵ کردبێت؟

کەر: نا نا شەڕی چی؟

مام ورچ: ئەی خۆ سەریت نەشکاندووە؟

کەر: نا هاوڕێکانم نا من هیچم لێ نەکردووە ئەوەندەش هاوڕێیەکی خراپ نیم وەکو ئەو کە سەرو ددانی شکاندم

کەر: (دەگرییەت) عاعو عاعو (بەگریانەوە) بەخوای مام ورچ جارەکەی تریش هەڵە لە من نەبوو بۆ خۆی وەکو کەر هات و شەڕی پێ فرۆشتم، دواتر بەسمەکانی لێی دام و بەجوتکە دای بە پێمدا و کەوتمە سەر زەویەکە و دواتریش زۆر بێ ویژدانانە و زۆر کەرانە جوتکەیەکی لەسەر سەرم داو سەری شکاندم،

دەم وچاومی دابە سەرزەوییەکە (بەگریانەوە) بۆ نەگبەتی

منیش ددانم کەوتە بەر بەردێک و ددانم شکا...(دەگرییەت)

سەگ: نا عاقل گیان نا مەگری بەسە ئەو هەروا کەرە و کاری شێتانە دەکات

کەر: سەگی ئازیز تۆش بەجۆرێک بەگابۆر دەڵێی کەر یانی کەر هیچ مێشکی نییە؟

سەگ: ها...نا نا کەری ژیر تەنها مەبەستم ئەوەیە

کە گابۆر زۆر بێ عەقڵ و شێتە

مام ورچ: باشە کەری ژیر پێمان بڵێ ئێستا تۆ چییت کردووە؟

وا دەڵێی ئەمجارە عاقڵم کردووە...

سەگ: دەی ڕاست دەکات پێمان بڵێ چی بووە خۆ کارێکی خراپت نەکردووە؟

کەر: مام ورچ بەخوای ئەوەی کردم لەبەر ئەوە نەبوو کەددان و سەری منی شکاند، خۆمن ئەوەم لەبەر تۆ کردووە بیرت دێت کە هەفتەی ڕابردووچیت بەسەرهات؟

مام ورچ: چیم بەسەرهات؟!

سەگ: مەبەستی ئەوەیە کەهەفتەی ڕابردوو هەموو ڕەنجی ساڵەکەت بەفیرۆ چووە کشتوکاڵەکەت هیچی لێ نەمایەوە و هەموو میوەکان دزران و خواردنەکانمان بردران هیچمان بۆ نەمایەوە

کەر: تەنانەت ئەو شەتڵ و نەمامانەی تازەش چاندبووت هەموویان شکاند، هیچت بۆ نەمایەوە

مام ورچ: (بەداخ ونیگەرانییەوە) ڕاست دەکەی خوا بکەرەکەی بگرێت

(سەگ نیگەران دەبێت)

کەر: مام ورچ من بینیم ڕووداوەکە چۆن ڕوویدا

سەگ و مام ورچ: چیییییییی؟!

چیرۆکخوان: بووەستە کەری هاوڕێم

(سەگ دەوەڕێت و چیرۆکخوانەکە دەترسێتەوە)

مام ورچ: وەرە ئازیزم، مەترسە، هەرگاڵتە دەکات

چیرۆک خوان: وەرن وەرن، دەزانن چی؟ من ڤیدیۆم تۆمارکردووە، وەرن پیشاندان بدەم....

(تابلێتەکەی - ئایپادەکەی دەردەهێنێت هەموویان لێی کۆدەبنەوە، دەیکاتە سەر ڤیدۆکە کە تیایدا گابۆر و دوو گای تر لەناو کشتوکاڵەکەی مام ورچ دان، پڕییەتی لە شەتڵی بچوک و داری میوە... ئەم دیمەنە بە داتاشۆ نمایش دەکرێت)

گابۆر: برادەران ورچە زلەو سەگ لێرە نین چوونەتە لای هاوڕێی ئازیزیان کەری بێ عەقڵ، ئەو کەرەی من ددانیم شکاند...

(دووگایەکە پێدەکەنن)

گابۆر: بخۆن... بخۆن چەندیش دەبەن بیبەن بەڵام هیچ نەمام و شەتڵێک بەپێوە مەهێڵن، هەمووی بشکێنن و میوەکانیش ببەن گەر پێتان نەبردرا میوەکان بفڵقێننەوە هیچیان مەهێڵن

گای یەکەم: ئاخر ئەوانیش گوناهن هەرنا

با هەندێک شتیان بۆ بەجێ بێڵین

گای دووەم: ئەمە کارێکی زۆر هەڵەیە، من کاری وا ناکەم

گابۆر: کاری وا نەکەی دەم و ددانت دەشکێنم

گای دووەم: تۆ زۆر زۆرداری و دڵنیابە هەڵەی کارەکانت دەدەی

گای یەکەم: قسەی گەورە مەکە، تۆ تازە بووی بەهاوڕێی ئێمە، چی دەڵێین ئەوە بکە...

گابۆر: ئەگەرنا لە مێگەلەکەی خۆمان دەرت دەکەین...

گای دووەم: باشە من لەگەڵتانم بەڵام ئەمە دواکاری منە لەگەڵتان

گای یەکەم: یانی چی؟

گای دووەم: واتە ئێمە هەر هاوڕێ دەبین بەڵام بۆکاری وا لەگەڵتان نابم...لەدوای ئەم کارە نایەم بۆ هیچ کارێکی هەڵەی وا...

گابۆر: ئەم هاوڕێیەم سەرەتا کە بووین بەهاوڕێ وای دەگوت (ئاماژە بۆ گای یەکەم دەکات)

گای دووەم: چی دەگوت؟

گابۆر: دەیگوت کارێک ناکەم زیانی بۆ گیانداران هەبێت...

گای دووەم: ڕاستی گووتووە... منیش دواین جارمە کاری وا ناکەم....

گابۆر: (هاوار دەکات) گوتت نا؟ چی دەڵێم بیکەن و تەواو، ئەوانە هەموو گیانداران خۆشیان دەوێن و زۆر بەخۆشی دەژین، هاوڕێیەکی دێرینن، بۆیە نایەڵم بەئاسوودەیی بژین...

(هەر سێکیان میوەکان لێ دەکەنەوەو بەتورەگەدەیبەن...

بەدەست و قاچەکانیان درەخت و شەتڵەکان دەشکێنن، کەر لەپەنای درەختێک سەیری دیمەنەکە دەکات و دیمەنەکە تەواو دەبێت لەم کاتەدا مام ورچ دەگرییەت و دەست بۆ دڵی دەبات)

مام ورچ: ئازارم هەیە دەکەوێتە سەر زەوی

(کەر و سەگ و چیرۆکخوان خزمەتی دەکەن و لەدەوریدان)

مام ورچ: (بەنەخۆشییەوە) کەری ژیر گەر داواکارییەکت لێ بکەم پەیمانم دەدەیتێ

کەر: هەر چییەک بێت پەیمان بێت

مام ورچ: دڵنیابم؟!

کەر:بەڵێ دڵنیابە... بەشەرەفم... پەیمانبێ

مام ورچ: (پێ دەکەنێ و هەڵدەستێتەوە)

سەگ: (دەست بە وەڕین دەكات) چییە دیسان ئێمەت ترساندەوە؟

مام ورچ: بەڵێ هەر بۆ خۆشی بوو برادەران دنیا ئەوە ناهێنێت كەخەم و قین لە دڵدا هەڵبگرین (چیرۆک خوان دەڕواتە دەرەوە) پێبكەنن دنیا بە پێكەنینەوە جوانە...

(هەرسێكیان دەست دەكەنە پێكەنین)

سەگ: بەڵام مام ورچ چیتر ئاوا خۆت نەخۆش مەكە بەگاڵتە دوایی دەبێتە درۆ و ڕەنگە ئەگەر هەر بەردەوام بیت ڕۆژێک بەڕاستیش شتێكت بەسەربێت ئێمە هەروا بزانین گاڵتەیە

مام ورچ: ڕاست دەكەی ببورە، چیتر واناكەم تەنها بۆ ئەوەم بوو كەری هاوڕێم زوو قسەبكات،دەی كەری ژیر بڵێ بزانم چیت لەگابۆری هاوڕێمان كردووە؟

كەر: بریا پەیمانەكەم پێ نەدابای

مام ورچ: دەی بیڵێ

سەگ: دەبیڵێ

كەر: من كەرم، كەری ژیر و دانام باوەڕ بكەن دوو ڕۆژە وا خەریكی چاڵێكم كە هەڵی بكەنم... وا بكەم گابۆری چەپەڵی تێ

بکەویٚ، لەسەر ڕێگای گابۆر چاڵەکەم هەڵکەندووە و چاوەڕێم دەکرد کەبەوێدا بێت و تێی بکەوێت...

سەگ: ئێ ئێستا چی؟

مام ورچ: کوڕە دەبڵێ با نەڵێم کەرە

کەر: دوو ڕۆژ چاودێری چاڵەکەم کردو بەچاوی خۆم بینیم کەچۆن قاچەکانی شاییان دەکرد کە کەوتە ناو چاڵەکەوە

سەگ و ورچ: بەڕاستە؟!

کەر: بە شەرەفم بەڕاستمە

مام ورچ: ڕاکەن بابڕۆین بۆ لای بزانین گابۆر پێویستی بە ئێمە نییە

(چیرۆکخوان دێتەوە)

چیرۆکخوان: منداڵە ئازیزەکان، سوپاس بۆ خوا گابۆر هیچی لێنەهات، کەری ژیری زۆر داوای لێبوردنی لێکرد، هەروەها گابۆر زۆر زۆر داوای لێبوردنی لە مام ورچ کردو زۆر پەشیمان بووەو لەکارەخراپەکانی هەربۆیە بەڵێنی دا کەوا چیتر هەڵەی وا نەکات و هاوکاری هەموو هاوڕێکانی بێت، سوپاس بۆهاتن و گوێگرتنتان.... کاتێکی خۆش.

**کۆتایی**

# سەگەکانی ئەم ڕۆژگارە، منم فریشتەی سەر زەوی

کەسایەتییەکان:

١. سەگ

٢. سەگی گەڕ

٣. سەگە بۆر

٤. سەگی بەڵەک

٥. تولە سەگ

٦، سەگە زەرد

٧. سەگی پیر

شوێن: کەندەڵانێک

کات: ڕۆژ

## سەگەکانی ئەم ڕۆژگارە، منم فریشتەی سەر زەوی

(سەگ لەناو بینەر دەوەڕێت و لەلایەکی تری بینەرەوە گورگ دانیشتووەو سەرتەختەی شانۆ هێشتا تاریکە، سەگ دووبارە دەست بەوەڕین دەکات)

گورگ: ئەوە چیتە سەگی هاوڕێ دەڵێی هەست بەشتێک دەکەی؟

سەگ: ئۆو گورگی بەڕێز ئەوە تۆی؟

گورگ: بەڵێ منم، بەڵام پێم بڵێ بۆچی دەوەڕیت خۆ هیچ نەبووە؟

سەگ: نا نەخێر، بەڵام چاوەڕوانی بۆرە سەگم و بانگی ئەو دەکەم، نەت بینیووە؟

گورگ: نەخێر نەم بینیوە

سەگ: تۆ چی دەکەی لێرە؟

گورگ: برسیمە حەز دەکەم کەروێشکێکی ناسک بخۆمم

(دەست بۆ منداڵانی بینەر درێژ دەکات) وەک ئەمانە...

سەگ: هههههە وەرە بابرۆین ئەوانە کەروێشک نین هاوڕێمانن

گورگ: باشە هاتم

(هەردووکیان بەڕێ دەکەون بۆ سەر تەختەی شانۆ و هێدی هێدی سەر تەختەی شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، بەڵام گورگ زووتر دەگاتە سەر تەختەی شانۆ دەبینێ لە پەنای دارێکی کەندەڵانەکە تەنها کەمێک سەر پشتی سەگە بۆر دیارە، واهەست دەکات کەروێشکە، بۆیە هێواش هێواش بۆ سەگە بۆر دەچێ، پەلەماری دەدات و سەگە بۆر دەست دەکاتە وەڕین و سەگیش دەگاتە سەر تەختەی شانۆ بە وەڕینەوە ناوبژیوانیان دەکات و دەبێتە وەڕین و دەنگە دەنگیان)

سەگ: بۆ وات کرد گورگی بەڕێز یانی نەت دەزانی ئەوە سەگەبۆرە؟

گورگ: ببورە سەگە بۆر باوەڕ بکە وامزانی کەروێشکێکی بۆری خۆش و بەتامی

سەگە بۆر: ئای ئای گورگی نەزان، ئێستا چیت لێ بکەم؟ تۆ کەی ئاقل دەبی ها؟

سەگ: لێی گەڕێ هاوڕێ گیان لێی گەڕێ بەهەڵە کارەکە ڕوویداوە، بۆیە تکایە هێمن بن

گورگ: ببورە هاوڕێکەم باوەڕبکە زۆرم برسییە، وامزانی کەروێشکێکی ئێ بۆخۆشت دەزانی من تەواو شارەزانیم...

سەگە بۆر: بۆ تۆ چەندە واهاتوویتەناوچەکەمان؟

گورگ: نزیکەی مانگێکە بەڵام دڵنیابە شارەزاتر دەبم و هەروەکو سەرەتا کە هاتمە ناوتان بەڵێنم دا لەگەڵتان وەکو خۆتان بە وەفا و دڵسۆزبم

سەگ: دەی کێشە نییە، بەڵام هیوادارم خاوەنی بەڵێن بیت هیچ کات زەرەر و زیان بە هاوڕێکانمان نەگەیەنی...

گورگ: دڵنیابن هاوڕێیان دڵسۆزتان دەبم وهیچ کاتێک دژی ئێوە و ناوچەکەتان نابم

سەگە بۆر: بەڵێ دەبێت وا بیت ئەگەر نا لە ناوخۆمان و ناوچەکەو لەناو گەلەسەگەکەمان جێگات نابێتەوە

سەگ: بەڵێ سەگە بۆر ڕاست دەکات ئەگەر وانەبیت چۆن لەناو گورگەکان جێگات نەبووە وەو دەرکرای لێرەش ئاوا دەر دەکرێی

گورگ: وایە دەزانم... دڵنیابن لەمن

(سەگی بەڵەک دێتە ناو کەندەڵانەکە، بەچکەیەکی خۆشی لەدواوەیە کە تولە سەگێکی ڕەنگ ڕەشە)

سەگی بەڵەک: سڵاو هاوڕێیان

سەگ و گورگ و سەگە بۆر: سڵاو لەتۆش

(ئاساییە هەمووش بەیەکەوە وەڵام نەدەنەوە و لەدوای یەک بێت)

تووله سەگ: گورگی ئازیز دوێنێ سەگە زەردم بینی گوێی هیچ کێشەی نەبووە گوتی گورگیشم هەر نەبینیوە؟

گورگ: ئا بەڵێ بەڵێ هەر لێی گەڕێ

تووله سەگ: ئەی تۆ نەت گوت شەڕمان کردو گوێچکەیم بەگەزە لێ کردەوە

گورگ: نا نا نەخێر واز بێنە ڕەشەی خۆشەویست

سەگی بەڵەک: بەسە ئازیزم واز بێنە با هەندێک لەگەڵ هاوڕێیانم قسە بکەم

سەگە بۆر: نا نا هاوڕێ گیان با بزانین چی ڕوویداوە

سەگ: بەڵێ بەڵێ ڕاست دەکات، گورگی بەڕێز تۆ شەڕت کردووە لەگەڵ سەگی زەرد دا؟

گورگ: نا نەخێر شتێکی وانییە، ڕەشەی ئازیز بەهەڵە تێ گەشتووە

تووله سەگ: گورگی بەڕێز من ڕەشەم (بەمتمانەوە) ڕەشە بە بۆنترین سەگی ناوچەکەیە و زۆر زیرەکم، قسەشم بیر ناچێ بە هەڵە تێ نەگەیشتووم

سەگی بەڵەک: ئێستا ڕەشە سەگی زەرد گوێی کێشەی هەیە؟

تووله سەگ: نەخێر هیچ کێشەی نییە و گوتی گورگیشیم هەر نەبینیوە

سەگی بەڵەک: کەوایە تەواو دەی وازبێنن

گورگ: ڕاست دەکات واز لەوە بێنن گرینگ ئەوەیە هەمووومان باشبین

سەگی بەڵەک: ڕاست دەکەی گورگی بەڕێز

گورگ: کەوایە من دەڕۆم زۆرم برسییە

سەگە بۆر: نامەڕۆ بووەستە دەمەوێ بزانم چی ڕوویداوە؟

سەگ: دەواز بێنە لێی گەڕێ با بڕوات

سەگی بەڵەک: بڕۆ گورگی بەڕێز بڕۆ

گورگ: خواتان لەگەڵ هاوڕێیان (تا دەڕوات دووجار ئاوڕییان لێ دەداتەوەو گومانی هەیەو بەترسەوە دەڕوات)

سەگی بەڵەک: خوات لەگەڵ ئاگاداری خۆتبە

سەگ: خوات لەگەڵ

تووله گورگ: باوەڕ بکەن گورگ بە گورگ ناچێ زۆر فێڵباز دیارە

(سەگی بەڵەک و سەگ دەست دەکەن بەپێکەنین)

سەگی بۆر: ڕاست دەکەی منیش گورگم زۆر پێ نامۆیەجوڵەو قسەکانی زۆر سەیرن...

سەگ: وازی لێ بێنن خۆی هێشتا لەناو ئێمە ڕانەهاتووە

سەگی بەڵەک: ڕەنگە ئەوە هۆکارەکەی بێت

تووله سەگ: من ئەو ڕۆژە بینیم وەکو ئێمە لەدوای پاشماوە و باڵندەی مردارەوە بوو دەگەڕا

سەگە بۆر: چۆن چۆن؟

سەگی بەڵەک: واز دێنن لەباسی گورگی بەڕێز یان بڕۆم

سەگ: واز دێنن نیگەران مەبە

سەگە بۆر: ڕەشە دوایی قسە دەکەین با واز بێنین

تووله سەگ: باشە بەدڵی خۆتان

سەگ: ئەرێ سەگی بەڵەک بۆ وابزری هیچ دەنگت نییە ڕەشە زیاتر دەبینین

سەگە بۆر: ڕەشە شانازییە بۆ ئێمە و بۆ ئێوەش دڵنیام ئایندەی زۆر گەش و ڕوون دەبێت

سەگ: هیوادارم لە ئایندەدا بتوانێ سەرکردایەتی گەلە سەگەکەمان بکات

سەگی بەڵەک: منیش هیوادارم و لەئێستاوەش زۆر شتی سەیر و جوانی لێ دەبینم

تووڵە سەگ: سوپاستان دەکەم

سەگە بۆر: بۆ نەڕۆین بزانین لەناو کەندەکە هیچ خواردنێکمان دەست ناکەوێت

(گورگ دەلورێنی بەڵام زۆر بەلورەی گورگ ناچێ)

سەگ: دەبێت گورگ چی لێهاتبێت؟ یان بۆ دەلورێنێ؟

تووڵە سەگ: بوەستە بوەستەگوێ ڕابگرن

(گورگ دەلورێنێ)

سەگی بەڵەک: چی بووە ڕەشە ئەوە گورگەو دەلورێنێ؟

تووڵە سەگ: کوا لورانی دەنگی گورگ وایە ئەوە بەسەگ دەچێ ولاسایی دەنگی گورگ بکاتەوە

سەگە بۆر: ڕاست دەکەی زۆر بە دەنگی گورگ ناچێ

(دەنگی پێی سەگ دێت و سەگی زەرد زۆر بەخراپی دەوەڕێت و ئەوانیش هەموو گوێ ڕادەگرن و تا دێت دەنگەکە نزیکتر و وەڕینی سەگی زەرد خێراتر دەبێت سەگە زەرد بە مشەوەشی دێتە لایان)

سەگە بۆر: چی بووە سەگە زەرد بۆ وامشەوەشی؟

سەگ و توولە سەگ: بەخێرهاتی سەگە زەرد بۆ قسە ناکەی؟

(سەگە زەرد هەناسکە بڕکێیەتی)

سەگی بەڵەک: بوەستن بابحەسێتەوەو پشویەک بدات زۆر ماندووە...

بەخێرهاتی سەگەزەرد دەی ئێستا قسە بکە

سەگە زەرد: سوپاس هاوڕێیان گورگی فێڵباز و دزتان نەبینیوە

توولە سەگ: نەخێر چی بووە؟ ماوەیەک لەمەوبەر لێرەبوو دیار بوو برسی بوو

سەگ: قسە بکە سەگە زەرد چی ڕوویداوە بۆ پێی دەڵێی دز و فێڵباز؟

سەگە بۆر: دڵنیام کارێکی خراپی کردووە

سەگی بەڵەک: بوەستن با خۆی قسە بکات

سەگە زەرد: چەندین جارە من ئاگادارم درۆ دەکات و هەر بێ دەنگ بووم... جارێکیش دزی لە سەگی پیر کرد قسەم نەکرد

توولە سەگ: ئەی ئیستا چی کردووە؟

سەگە بۆر: دەی خێرا شتێک بڵێ بزانین چی بووە؟

سەگەزەرد: من لە پێش کۆلیتەکەم بووم گورگ ئاگاداری من نەبوو بینیم هێواش هێواش دەیەوێت دزی لە سەگی پیر بکات وخواردنەکانی خوارد و دواتر...

(سەگە بۆر قسەی پێ دەبڕێ)

سەگە بۆر: دەمزانی فێڵبازە و درۆزنە

توولە سەگ: منیش هیچ باوەڕم پێی نییە

سەگ: دەی بەردەوامبە چی کرد دواتر؟

سەگە زەرد: خۆم بینیم دووبارە دزی لەسەگی پیر کردەوە و بەڕاکردن بۆی دەرچوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەکاتی ڕاکردن ئاوڕی دایەوە تا بزانێ کەس نەیبینییوە خۆی کێشا بە بەردە گەورەکەداو کەوتەلوراندن بەڵام زۆر سەیر دەی لوراند

سەگی بەڵەک: ئێستا لەکوێیە نازانی؟

سەگی زەرد: ڕای کرد کەوتمە دوای نەمگرت بەڵام لەم گەلە دەری دەکەم و سەگی پیریش بڕیاریدا دەری بکەین

سەگ: کەی سەگی پیر وای گوت؟

سەگە زەرد: کاتێک کەوتمە دوای ئەوسا سەگی پیر زانی دزی لێ کراوەو بینیشی کەوا گورگە بۆیە گوتی لەم ناوچەیە دەری بکەن

توولە سەگ: کەواتە تا زووە بادەری بکەین دڵنیام کاری خراپتریش دەکات

سەگی بەڵەک: بەدڵی خۆتان بکەن...

سەگە بۆر: پێم بڵێن ئێستا چی بکەین

توولە سەگ: بووەستن بووەستن (بۆن دەکات) وابزانم ئەوە ئەوە واهات بێ دەنگ بن

(توولەسەگ دەچێتەلای پشتەوە گوێ دەگرێ)

ئەوە هات (بەهیواشی) ئەوەهات

سەگە بۆر: دەی سەگە زەرد بڕۆ خۆت بشارەوە

سەگی بەڵەک: ڕاست دەکات دەی خۆت بشارەوە لەپشت ئەو دارە

(سەگە زەرد خۆی دەشارێتەوە و هەمووان چاوەڕوانی هاتنی گورگ دەکەن)

تووله سەگ: ئێوە هیچ قسە مەکەن...

ئەگەر هات تا من پرسیارێکی لێ دەکەم

سەگە بۆر: باشە وا دەکەین

سەگ: بێ خەمبە

تووله سەگ: خۆتان تێک مەدەن وەک ئەوەبێت هیچ نەزانن هیچ ڕووی نەدابێت

سەگی بەڵەک: باشە بەڵام کاری هەڵە نەکەی ڕەشە باشە؟

تووله سەگ: باشە بێ خەمبە... ئەوە هات

(گورگ: بەخێرایی دێت)

گورگ: سڵاوتان لێ بێت هاوڕێیان

سەگە بۆر: سڵاو

سەگی بەڵەک: سڵاو لەتۆش

تووله سەگ: ئاساییە پرسیارێک بکەم؟

(گورگ وەڵام ناداتەوە، خۆی پرسیار دەکات)

گورگ: ئێوە سەگە زەردتان نەبینیوە؟

تووله سەگ: نا نەخێر بۆچی؟

گورگ: سەگە زەرد دزە و فێڵبازە خۆم بینیم دزی لەسەگی پیری بێهێز کرد چۆن دەبێ لەناو ئێمە دزی هەبێت وبەتایبەت لە سەگە پیرە

سەگ: نەخێر بە هیچ جۆرێک نابێت

سەگی بەڵەک: ئەوەی دزی بکات لەناو ئێمە جێگای نابێتەوە

گورگ: کەواتە دەبێت سەگی زەرد دەر بکەین

توولە سەگ: ئاساییە پرسیارێک بکەم؟

(لەو کاتە سەگی پیر بەهێواشی دێت، سەیری گورگ دەکات و دەست بەوەڕین دەکات، گورگ دەیەوێت ڕا بکات سەگە زەرد لەپەنای دارەکەو سەگی بۆر لەگەڵ توولە سەگی ڕەش پەلەماری گورگ دەدەن ودەیگرن، بەڵام خۆی ڕادەپچکێنێ لەوشەڕو کێشمەکێشە توولەسەگ پەلەماری سەری گورگ دەدات کڵاوێکی لەسەر دادەکەنێت و لەوکاتەوە گورگ بە دیار دەکەوێت گورگ سەگە و گورگ نییە)

سەگی پیر: ئەوە تۆ سەگی گەڕی هەی دزە ئەی ئێمە نەمان گوت نەگەڕێیتەوە تا واز لە دزی و فێڵبازی دەهێنیت؟

توولەسەگ: نەمگوت ئەوە بەگورگ ناچێ

سەگە بۆر: ئافەرین ڕەشەگیان، منیش گومانم زۆر بوو

سەگە زەرد: هەر ئێستا بە هەمووومان لە ناوت دەبەین

سەگی بەڵەک: چی لێ بکەین سەگی پیر؟

سەگ: بڕیار بدە تۆ لەهەمووومان بەئەزموون ترو ئارامتری

سەگی گەڕی بەناو گورگ: تکایە ئەم جارەش بمبەخشن بەڵێن بێت چیتر هەڵە ناکەم...

سەگە بۆر: نەخێر ناتبەخشین

سەگی گەڕی بەناو گورگ: ئیستا بۆم دەردەکەوێت درۆ تاکۆتایی سەر ناگرێ و هەرئاشکرا دەبێت...

توولە سەگ: تازە دەزانی؟

سەگی گەڕی بەناو گورگ: بەڵێ، بەڵام بەڵێن بێت چی بڵێن بەقسەتان دەکەم تەنها بمبەخشن نەمدەتوانی دووری ئێوە بژیم بۆیە جلی گورگم پۆشی

سەگی پیر: لیرەدا کەمێک مافت هەیە

سەگی گەڕی بەناو گورگ: ئەوەشم بۆ دەرکەوت دزی و فێڵبازی دڵت توند دەکات و کارێکی زۆر زۆر خراپە، بۆیە بەڵێنم داوەتە خۆم تا ژیانم ماوە دزی و درۆ و فێڵ نەکەم

سەگە زەرد: دەیەوێت دووبارە درۆ بکاتەوە

توولە سەگ: هەست دەکەم ئەمجارە بەڕاستی بێت

سەگی بەڵەک: منیش دەڵێم ئاقڵ دەبێت با بیبەخشین

سەگە بۆر: بە دڵی خۆتان بکەن بەڵام من دەڵێم با لەناوی بەرین یان دەری بکەینەوە وەک جارەکەی تر

سەگە زەرد: منیش هەمان بۆچوونی سەگە بۆرم هەیە

سەگی پیر: ئەمجارە ڕێگات پێ دەدەین لەناومان بژیت، بەڵام دەبێ بەڵێن بدەی ئەمجارە بە هیچ جۆرێ کاری هەڵە نەکەی ئەگەر نا بەیەک جاری کارێک دەکەین هەرگیز ئێمە نەبینیتەوە

توولە سەگ: ڕاستە منیش لەگەڵ لەناو بردن نیم، بەڵام با ئەمجارەش لێی خۆشبین

سەگی گەڕی بەناو گورگ: تکایە بمبەخشن با لەناوتان بژیم هاوکاری هەموو کارێکتان دەکەم و بەڵێن دەدەمەوە دەست پاک و دڵسوزو بە وەفابم بۆ مێگەلەکەو تەواوی ناوچەکە

سەگی پیر: باشە تۆ بەشێکی لە ئێمەو هەر لەئێمەشی دەی بەرگی ئەو گورگە چەپەڵە لەبەر بکەوە

(سەگی بەناو گورگ بەرگی گورگەکەی لەبەر داکەند و توولە سەگیش دەستی کردە وەڕین و هەمووان کەوتنە وەڕین)

**کۆتایی**

# کەی ئاڵاکەمان هەڵکرا؟

کەسایەتییەکان:

١. ئارياس

٢. لاريا

٣. ئاريا

٤. ئاران

٥. ئارسا

شوێن: باخچەیەک

کات: ڕۆژێکی خۆش

## کەی ئاڵاکەمان هەڵکرا؟

(ئارياس له گۆشەيەكی باخچەكەدا خەريكی وێنە كێشانە، گوێی لە دەنگی ئاريا و لاريا دەبێت، هێدی هێدی دەنگەكە نزيک دەبنەوە)

لاريا: دڵنيام مامۆستامان دەزانێت ئاڵا واتای چی دەگەيەنێت

ئاريا: بەڵێ بەڵی، بێگومان دەزانێت

لاريا: كەواتە سبەی لە مامۆستاكەمان دەپرسين

ئاريا: ئارياسيش دەزانێت، ئێستا لێی دەپرسين

(لەوكاتەدا ئارياس گوێی لە دەنگەكەيان بووەو ئەوانيش دێنە سەر تەختەی شانۆ،هێدی هێدی سەر تەختەی شانۆ زياتر ڕووناک دەبێتەوە)

ئارياس: بەخێرهاتن ئازيزانم، ئەوە لەكوێ بوون؟

لاریا: له دەرگای ئەودیوی باخچەکە بووین، سەیری ئاڵا بەرزەکەی سەر چیایەکەمان دەکرد، کە بەهەمیشەیی ئاڵاکەمان لەسەر ئەو چیایە بەرزە دەشەکێتەوە

(ئاریا قسەی پێدەبڕێت)

ئاریا: لەو کاتەدا پرسیاری ئەوەمان لا دروست بوو ئاڵا واتای چی دەگەیەنێت و چ گرینگییەکی هەیە؟

لاریا: هەروەها ڕۆژی ئاڵای ئێمە چەندی چەندەو ئەمە له چییەوە هاتووەو گرنگی یەکەی چییە؟

ئاریاس: ئەی بۆچی ناوی منتان هێنا؟

ئاریا: چونکە تۆ هەمیشە دەخوێنیتەوەو وێنە دەکێشی، دڵنیابووم زانیاری تەواوت دەربارەی ئاڵا و مێژوو، هەروەها پرسیارەکانمان هەیە

ئاریاس: ئەها تێگەیشتم، بەچاوان هەر ئێستا بەشێوەیەکی زانستی و دروست وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە

لاریا: سوپاست دەکەین، بەڕاستی ئێمە پەرۆشی زانیارییەکانین، چونکە هیچ زانیارییەکمان لەسەر ئاڵاو چۆنییەتی دروست بوونی نییە

ئاريا: هەروەها نازانين ئەو پارچە لێكدراوانەی هەر يەكەو ڕەنگێكن مانی چییە؟

(لەوكاتەدا ئاران دێتە سەرتەختەی شانۆ و سڵاو لە هاوڕێكانی دەكات)

ئاران: سڵاوتان لێبێت هاوڕێیان

ئارياس: ياخوا بەخێرهاتی

لاريا: سڵاو فەرموو وەرە پێش

ئاريا: سڵاو هاوڕێی ئازيزم

ئاران: هەستم كرد بابەتێكی گرنگتان هەيە، ئەگەر بابەتەكەتان تايبەتە ئەوا من دەڕۆم، بەتەنها دەخوێنمەوە

لاريا: نەخێر هاوڕێ

ئارياس: تەنها باسی ئاڵامان دەكرد

ئاريا: تۆش وەرەوە بە خۆشحاڵييەوە دانيشتنەكەمان ڕازاوەتر بكە

ئاران: سوپاستان دەكەم هاوڕێ باشەكانم، فەرموون وەرنەوە سەر بابەتەكەی خۆتان

لاریا: ڕاست دەکات ئاریاس، تکایە زانیاری زۆرمان دەربارەی ئاڵاکەمان پێبدە...

ئاریاس: نەخێر لاریا گیان وابزانم ئاران زانیاری زیاتری لایە، فەرموو ئاران گیان

(لێرەدا ئاریاس ئاماژە بۆ ئاران دەکات قسەبکات)

ئاران: نا نا نەخێر، هاوڕێی بەڕێزم تۆ لەمن زیاتر دەخوێنیتەوەو ئەمەش مانای وایە تۆ لەمن زیاتر زانیاری هەمە جۆرت لایە، دڵنیام دەربارەی ئاڵاکەمان زانیاری زۆر باشت لایە...

ئاریاس: سوپاست دەکەم و هیوادارم تۆش لەپێدانی زانیاری هاوکاریم بکەی

ئاران: بەچاوان هاوڕێکەم، بێگومانبە، هەمیشە هاوکارم...

ئاریا: فەرموو ئاریاس گیان

ئاریاس: هاوڕێیانم، سەیربکەن، ئاڵاکە لێرەوە دیارە، ئەها چەند جوان دەشەکێتەوە، ئەو ڕەنگە سوورە زۆر مانا هەڵدەگرێت و یەکێک لەو مانایانەش بەهێزی و سەرکەوتن و پاڵەوانیەتییە، هەروەها ڕەنگی سوور چەندین مانی تری هەیە...

ئاران: بەیارمەتیت ئاریاس گیان جگە لەو مانایانەش مانای خۆشەویستی بۆ بەرامبەر و مانای متمانەوە و قوربانیدانە

ئاریاس: ڕاست دەکەی، هەروەها سوور واتە خوێنی شەهیدانی نیشتیمان، ئەو شەهیدانەی بەگیان و خوێنی خۆیان خۆیان کردە قوربانی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانەکەمان

ئاران: هەروەها مانای خوێن، واتە قوربانیدان، یان خوێنی ئەوانەی بۆ ئارامی و هێمنی وڵاتەکەمان خۆیان کردە پێشمەرگەو پێش مەرگی ئێمە کەوتن، مەرگی خۆیان بەپێشدا... بۆ بەدەست هێنانی ئارامی و دڵخۆشی ئێمە، هەربۆیە سوور مانایەکی گرینگی هەیە بۆ ئێمە

لاریا: قوربانی ئەو قوربانیدانەیانبم، ئەوانە شایانی ڕێزن...

ئاریا: بەڕاستی ئەوانەی خۆیان دەکەنە قوربانی یان ئەوانەی خۆیان کردووەتە قوربانی شایستەی پەیکەری زێڕ و ڕێزی بێسنوورن

ئاریاس: ئازیزانم ئەم ڕەنگە سپی یە مانای پاکی و بێگەردی و دڵمیهرەبانی ئێمەی کورد دەگەیەنێت...

(لەم کاتەدا ئارسا دێتە ناو باخچەکەوە دەست بە پێکەنین دەکات)

ئارسا: سڵاو ئازیزان

(هەرچواریان سڵاوەکەی وەردەگرنەوەو وەڵامی دەدەنەوە)

لاریا: ئـۆ و ئارسای ئازیز وەرە گوێبگرە...

(ئارسا لەجێگای خۆی ڕادەوەستێت و سەیر دەکات و لاریا بۆ لای ئارسا ڕادەکا ت و باوەش بەیەکدا دەکەن و یەکتر ماچ دەکەن)

ئاران: دەی هاوڕێ بەردەوامبە...

ئاریاس: سپی واتە ئاشتی و هێمنی و دوور لە کێشە و ئاژاوەو شەڕ، هەروەها مانای پێکەوە ژیان و ئارامی و دڵپاکی دەگەیەنێت

ئارسا: هەروەکو دڵی خۆمان ها ها ها

(هەموو دەست دەکەن بە پێکەنین)

ئاریا: ئەی ئەو ڕۆژە زەردە واتای چییە؟

ئاران: هاوڕێی ئازیزم، من پێت دەڵێم...

ئاریاس: فەرموو

ئاران: ئەم ڕۆژە جوانە واتە ئێمەی کورد وەکو تیشکی خۆر واین، هەمیشە لەهەر جێگایەک بین ڕووناکی و ئاوەدانی

دەبەخشین، ئێمە سەرچاوەی هێز و جوانیین، هەروەکو تیشکی زێڕینی خۆر

ئارياس: زۆر ڕاستە، هەروەها ٢١ تیشکی پێوەیە واتە ئاڵاکەمان ٢١ تیشک دەبەخشێت... ئەمەش مانای زیرەکی و لێهاتووی نەخشەسازی ئاڵاکەمانەکە هێمایە بۆ ڕۆژی ٢١/ ٣

کە ئەم ڕۆژە سەری ساڵی تازەی کوردییە، ٢١ تیشکەکەش مانای ئەوە دەگەیەنێت وەکو تیشکی خۆرە و زێڕ ئاسا دەدرەوشێتەوەو مانای بەردەوامی و ژیانەوەی ژیان دەدات...

ئاریا: بەڕاستی زۆر جوان داندراوەو جێگای شانازی و زانینە بۆ ئێمە

ئارسا: کەواتە هاوڕێیان من باسی ڕەنگە سەوزەکەی دەکەم، چونکە دوێنێ مامۆستای ئێمە بۆی باسکردین

لاریا: وای کەپێمخۆشە، فەرموو هاوڕێ

ئارسا: سەوز مانای دڵفراوانی و ژینگەی جوان و سەوزایی کوردستانەکەمانەو مانای بەهارو نوێبوونەوەو خۆشی و دڵخۆشی و ئاوەدانی دەدات، هەروەها مانای بەردەوام ژیانەوەو زیندووبونەوەو هەستانەوە دەدات...

ئاریاس: ڕاست دەکات ئازیزان، ئەمە مانای تەواوی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانە شیرین و خۆشەویستەکەمانە

ئارسا: هەروەها بەبۆچوونی ئاڵاناسان

سوور واتای شۆڕش، ئازادی، هێز خوێن ڕشتن لەجەنگدا...

ڕەنگی سپی واتای ئاشتی، ئارامی، ئاگربەست

ڕەنگی زەردیش بەواتای ڕووناکی، درەوشانەوە، وریایی و ئاگر دێت هەروەها ڕەنگی سەوز بەمانای کشتوکاڵ و گەنجی و پاراستن و ئازادی و بوژانەوەدێت جگە لەچەندین واتای جوانی تر...

ئاریا: دەی هاوڕێ کەواتە ئاڵا واتای چی دەگەیەنێت و چ گرینگی یەکی هەیە دەتوانی بۆمان باسبکەیت؟

ئاریاس: فەرموو ئاران گیان وەڵامی بدەوە

ئاران: هاوڕێیانم پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە پێویستە بزانین کە یەکەم دەوڵەتی کوردی میتانییەکان بوون و هەر ئەوانیش یەکەم دەوڵەت بوون کە ئاڵایان بەکار هێناوە لەناو کوردستاندا

ئارسا: هەروەها ئیمپراتۆرییەتی ماد کە لەمێژوودا بە باپیرە گەورەی کورد دادەنرێت ئاڵای تایبەتیان هەبووەو لە هەرسێ ڕەنگی زەرد و سوور و سەوز پێکهاتووە

لاریا: بەڕاستی زانیارییەکانت بە سوودن هاوڕێکەم

ئاریا: دەستت خۆش تکایە چی تر لەسەر مێژوو دەزانی باسیبکە...

ئارسا: زۆر شت هاورێکەم، بەڵام ئەوانە باسدەکەم کە پەیوەندی بە ئاڵاوە هەیە

لاریا: فەرموو

ئارسا: لەساڵی ١٩١٩ شێخ مەحمودی حەفید لەناو شۆڕشەکەیدا ئاڵای دانا، کە ئاڵاکەی گوزارشتی لە دەوڵەتی کوردی دەکرد، ئاڵاکەش پێکهاتبوو لە ئاڵایەکی سەوز و بازنەیەکی سوور لەناویدا و لەناو بازنەکەش مانگێکی سپی هەبوو، هەروەها هەر ئەم ئاڵایە لەسەردەمی شێخ مەحموددا بە ئامادەبوونی ـ ١٠٠٠٠ـ دە هەزار کەس لەناو مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەلکراو بووە مێژوویەکی لەبیر نەکراو

ئاران: کەواتە هاورێیانم با منیش باسی شێخ سەعیدی پیرانتان بۆ بکەم چونکە ئەویش مێژوویەکی شایستەی هەیە

ئاریاس: بەخۆشحالییەوە گوێت بۆ دەگرین، فەرموو هاوڕێکەم

ئاران: شێخ سەعیدی پیران کە لەباکوری کوردستان شۆڕشی بەرپاکرد ئەویش ئاڵای تایبەتی بەخۆی هەبوو، ئاڵاکەشی سەوز بوو بەڵام جیاوازی ئاڵاکەی لەگەڵ ئاڵای شێخ مەحموددا ئەوەبوو ئاڵای شێخ سەعیدی پیران لەناوەڕاستی ئاڵاکەیدا ڕۆژێک هەبوو، ئەمەش بەمانای نوێبوونەوە دەهات

ئاریاس: دەی هاوڕێکەم کەوایە ئێستا وەڵامی پرسیارەکەی ئاریا بدەوە چونکە تۆش زانیاری زۆر باشت لایە

ئاریا و لاریا: ڕاست دەکات

ئاران: هاوڕێیانم ئاڵا واتای ناسنامەی ئێمەو هەموو وڵاتێک ئاڵای خۆی هەیەو هەر وڵاتێک بە ئاڵاکەی دەناسرێتەوە، واتا ئاڵا ناسنامەو هۆکاری ناسینەوەی ئێمەو ناوی کورد و دیاری کردنی خاک و جوگرافیامانە...

ئاریا: هەر ئەوەندەیە؟

ئارسا: پەلەمە کە گیانەکەم،ئێستا دڵنیابە شتی تریش باس دەکات

لاریا: ڕاست دەکات، ئاران بەردەوامبە...

ئاران: هەروەها ئاڵا بۆ کاری دبلۆماسی و جەنگ و جەژن و بۆنەو ناسینەوەی وڵاتە، لەبەر ئەوەی بوونی ئاڵاو هەبوونی واتە بوونی وڵات و ئارامی و سنوور، جگە لە ڕەمز و شکۆمەندی و مێژووی نەتەوە، هەربۆیە ئاڵا زۆر گرینگەو دەبێ بەگیان و دڵ بیپارێزین...

لاریا: ئەی باشە ڕۆژی ئاڵا واتای چی؟

ئاریا: ڕاست دەکات، کێتان پێمان دەڵێت؟

ئاران: ئارسا تۆ دەزانی؟

ئارسا: بەڵێ دەزانم، چونکە مامۆستاکەمان زۆر باش فێری کردین

ئاریاس: دەی کەواتە فەرموو بۆمان باسبکە

ئارسا: ڕۆژی ئاڵا واتە ڕۆژی دیاریکردنی ئاڵا لەلایەن ئەو وڵاتەو حکومەتی ئەو وڵاتە، چونکە هەر وڵاتێک کە ئاڵای خۆی هەیە بێگومان رۆژی هەڵکردنی ئاڵاشی هەیە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، هەروەها پێگەی وڵات و مێژووەکەی

ئاران: زۆر دروستە... هەروەها گرینگی ئەم ڕۆژە لەوە دایە هەرگیز گرینگی و ڕووداوەکان و پێگەی وڵات و ئاڵاو ڕۆژە مێژوویەکەی لەبیر ناکەین، چونکە بێگومان بوونی ئاڵا ناسنانەی ئێمە...

ئاریا: باشە هاورێیانم ئەی ڕۆژی ئاڵای ئێمە کەیە؟

(هەموو دەست دەکەن بە پێکەنین/ ئەگەر لە ڕۆژی ئاڵا ئەم دەقە نمایش کرا)

لاریا: ئەمڕۆیە نایزاینی؟!

ئاریا: چی ئەمڕۆیە

لاریا: ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵایە، ڕۆژی ئاڵای کوردستانەکەمە

ئاریاس: ڕاست دەکات و زۆر تەواوە...

ئاران: هاورێکانم، وەرنە ئێرەو جوان گوێبگرن، ڕۆژی ئاڵای کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ١٧/١٢/ ١٩٤٥ کە ئەمڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گرنگ و مێژووییە، هەر لەم ڕۆژەدا لە مەراسیمێکی زۆر گرینگدا بە پێشەوایەتی قازی موحەمەد و بەشداری چەندین کەسایەتی گەورەی کورد و لەوانەش مەلا مستەفای بارزانی لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی بەفەرمی ئاڵای کوردستان هەڵکراو...

(ئارسا قسەی پێدەبڕێت)

ئارسا: شانی باسکردنە شوێنی هەڵکردنی ئاڵاکەمان شاری مهابادە، واتە سابلاخ،

لە گۆڕەپانی چوارچرا بۆ یەکەمجار لەسەر شانی شەهید کەریمی نازمی لەناو ئاپۆرای خەڵکدا بۆ یەکەمجار بەفەرمی لەسەر باڵەخانەیەک هەڵکراو بووە شانازی لەبن نەهاتووی ئێمە...

ئاریاس: ئازیزان، پێش ئەوانەش پێویستە بیزانین ئەم ئاڵا پیرۆزەمان مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٠ کاتێک ئەمین عالی بەدرخان داوا لە زەینولعابدین دەکات ئاڵایەکی تایبەت بۆ کوردستان دروست بکات، زەینولعابدین ئاڵاکە بۆ کوردستان دروست دەکات و سوود لە ئاڵاو ڕەنگە پیرۆزەکانی ئاڵای ماد وەردەگرێت

ئاریا: زۆر زۆر سوپاس هاوڕێی ئازیزم زۆر زانیاری تازە فێربووم

ئاران: ئاڵای کوردستانمان بەگشتی هێمای ئاشتی و بەهێزی و خۆ ڕاگری و دووژمن بە زێنییە... هەربۆیە لە ڕۆژی هەڵکردنییەوە دووژمنانمان پێی کوێربوون و تا ئێستاش چاویان پێ هەڵنایەت... بەلام بە هەمیشەیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر شەکاوەتر دەبێت

ئارسا: بەڵێ، یەکەم ئاڵا کە بەدەستی زەینولعابدین دروستکراوە، تا ئێستاش ماوەو لەماڵی خاتوونی بەڕێز سینەم بەدرخان پارێزراوەو نەوە دوای نەوە ئەو بنەماڵەیە پاراستوویانە

ئاریاس: دەستت خۆش ئەوەم بیر چوو بوو

ئاران: ئەی دەزانن ساڵی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چەندە؟

ئاریاس: بەڵێ ئەم ڕووداوەش ڕووداوێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد و مێژووەکەمان، ساڵی ڕاگەیاندنی کۆماری کورستان ١٩٤٦ لە مهاباد ڕاگەیاندراو بووە دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویی هەرچەندە چەندین قوربانیشمان لەو پێناوەدا داناوە بەڵام ئێمەی کورد هەروەکو چیایەکانمان بەهێزین و کۆڵنادەین و ئاڵاکەشمان ئێستاش سوپاس بۆ خوا هەروا دەدرەوشێتەوە و لەهەموو شوێنک هەڵکراوە...

ئارسا: گەشاوەبێ ئاڵای کوردستان

ئاریا: بژی کوردی کۆڵنەدەر

لاریا: بژی خەباتکارەکانی کورد و بژی پێشمەرگەی دڵسۆز

ئاران: هەروەها دوای پیلان گێڕی و دووژمنانی کورد و کوردستان کە بەداخەوە کۆماری کورستان شکستی هێنا، هەروەها حکومەتی کوردی کەم تەمەن لەساڵی ١٩٤٦ دوای ١١ مانگ کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی کوردستان شکست دەهێنت و...

(قسەی پێ دەبڕێت)

ئارياس: بەڵام ئێمەی کورد و ویستمان هەرگیز شتکست ناهێنین، ڕاستە لە ١٥/١٢/ ١٩٤٦ بەمەبەستی پاراستنی ئاڵاکەمان دڵسۆزانی کورد و کوردستانی ئازیزمان ئاڵاکەیان داگرت، هەڵیان گرت و پاراستیان تا دووژمنننانمان دەستی چەپەڵیان ناگاتە ئاڵا پیرۆزەکەمان، ئەم کارە پیرۆزەش کوردە ڕاپەریووەکان ئەنجامیاندا

ئاریا: ئەها هەربۆیەش قازی موحەمەد دەڵێت: هەگیز دەستتان ناگات بەئاڵای کوردستان، ڕۆژێک دادێت ئەو

ئالآیەلەسەر بینای ئەم دادگایەی کەتیایدا دادگایی دەکرێم بەرز دەکرێتەوەو دەشەکێتەوە

ئارسا: هاوڕێ ژیرەکانم، ١٢/١٧ واتە حەڤدەی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک ڕۆژی ئالآیە و دەکاتە ئەمڕۆ، کە ڕۆژێکی زۆر گرنگ و مێژووییە.

ئاران: ١٩٩٩/١١/١١ لەپەرلەمانی کوردستان بەبڕیاری ژمارە ٢٦ و بەیاسای ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩٩ یاسای ئالآی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە ١٠ مادە پێکهاتووەو دەرکرا

ئاریاس: هەروەها لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٩ پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی ١٧/ ١٢ ڕۆژی ئالآی کوردستان بێت، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕیارەکەیان پەسەند کرد

لاریا: بامنیش زانیارییەکتان پێ بڵێم

(ئاریا و ئاریاس کەمێک پێ دەکەنن)

ئارسا: فەرموو هاوڕێ (بێ دەنگیان دەکات)

لاریا: کەرکوک دڵی کوردستانە، لەناو کەرکوکیشدا ڕۆژی ٢٠١٧ /٣/١٧ ئالآی کوردستان بەفەرمی لەناو ئەنجومەنی

پارێزگاری کەرکوک بەرزکرایەوە، ناڕەزایی و نەیارانمان و حکومەتی عێراقیشی لێکەوتەوە...

(ئارسا چەپڵەی بۆ لێدەدات و ئەکتەرەکانی تریش چەپڵەی بۆ لێدەدەن و لاریاش وەکو دەربڕینی ڕێز دەست بە سنگییەوە دەگرێت)

ئاریاس: لەڕۆژێکی زۆر گرینگ و مێژوویشدا کە دەکاتە ٢٠١٧/٩/٢٥لە باشوری کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی گشت پرسی - ڕاپرسی ئەنجامدرا، زۆرینەی کوردان لەهەموو شارو ناوچە جیاوازەکان و دەرەوەی هەرێمیش بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا...

ئاریا: کەواتە بژی کورد

لاریا: بژی کوردستان

ئارسا: بژی ئاڵای پیرۆزمان

ئاریا: هەموو یەک دەگرین، ئاڵا بەرز ڕادەگرین

(لێرەدا ئەو تابلۆیەی ئاریاس خەریکی دروستکردنی بوو، تابلۆی ئاڵاکە بەرزدەکەنەوە و لە جێگایەکی گونجاو

هەڵیدەواسن، دواتر هەرپێنج ئەکتەرەکە دەستی یەک دەگرن و ئەم هۆنراوەیە بەگۆرانی دەڵێن)

ئـێـمـه خـاوەن وڵاتـین
خـاوەن ئالآو خـەبـاتین
بـژی ئـالآی کـوردسـتـان
نەفرەت لە دوژمن دۆستان
کـۆنـادەین، ڕاناوەستین
بەهـێزین و سەربەستین
سـوور خوێنی شەهیدانە
مـانای هـێـزی ژیـانە
ســپی دڵـپاک و پـاکـین
وەک تیـشکی خۆر چالاکین
زەردیـش تیشـکی زێڕینم
ڕووناکیتـان بـۆ دێـنم
ســەوز واتــه ژیـانـەوە
ئــارامـی و بـوژانـــەوە.

**کۆتایی**

# بەشێک لە ژیان و تێڕوانینێک لە ژیاننامەی کاروان عەلی



لەدایک بووی ١- ١-١٩٨٩- ی پایتەختی کوردانە، هەولێر- باوکی کوڕی مەلا موحەمەدی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدە.

کاروان عەلی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە, پاشان پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەشی شانۆ - دەرهێنان - بەپلەی یەکەم تەواو دەکات، دواتر کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەمان بەش بە پلەی یەکەم دەبڕێت، هەر لە هەمان بەش لە زانکۆی صلاحەددین - کۆلێژی هونەرەجوانەکان بڕوانامەی ماستەر، بەپلەی نایاب تەواو دەکات.

**دەستپێکی نووسین و کاری ڕۆژنامەوانی:**

* لەساڵی ٢٠٠٣ نووسینەکانی لەخزمەتی منداڵاندان.

* ماوەیەک دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاسودەی لاوان بووە.

* بەرپرسی نواڵەی منداڵان بووە لە گۆڤاری نواڵەی نوێ.

* بەرپرسی باخچەی منداڵان بووە لە مانگ نامەی پردێی ئازاد.

* لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار، سایت و سۆشیال میدیا خزمەتی منداڵانی کردووە وەک هەولێر و نواڵەی نوێ و بەدرخان و چەندینی تر...

* ئیستا بەرپرس و سەرپەرشتیاری بەشی منداڵانی هەولێرە، لە ڕۆژنامەی هەولێر.

* ڕاوێژکاری پەروەردەیی و دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکی پەروەردەیی زانستی وەرزییە بەناوی (ناوازە).

* هەروەها بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی کراوەتە گۆرانی، چەندین چیرۆکی کراوەتە فیلم بۆ منداڵان.

* لەساڵی ٢٠١١ وە سەرۆکی ڕێکخراوی پروشەیە بۆ هۆشیاری و پێگەیاندنی منداڵانی کوردستان.

* چەندین کتێبی بۆ نوسەرانی منداڵان و خزمەتی منداڵان چاپ کردووە....

* بۆ ماوەیەکی زۆریش پێشکەشکاری ڕادیۆ بووە.

* چەندین ساڵ کارمەندی تەلەفیزیۆنی نیولاین و کۆمپانیای بەرهەم هێنانی کاری هونەری و دۆبلاژ بووە.
* ماوەیەکی زۆریش کارمەندی هەردوو کەناڵی ئاسمانی کەناڵ ٤ و کۆرەک تی ڤی بووە لە بەشی دۆبلاژ و وەرگێڕان.
* زیاتر لە دەیان شانۆ نامە بەژداربووە: وەک دەرهێنەر، یاریدەدەری دەهێنەر، ئەکتەر هتد....
* جگە لەنووسینی دەیان شانۆنامە بۆ منداڵان و نووسینی چەندین هۆنراوەو ئۆپەرێتی تایبەت بۆ شانۆی منداڵان کە پێشکەشکراون.

## گۆشە نیگایەک لە ژیانی نووسەر و باوانی

* ژیانی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکەییان هەر لەباپیرە گەورەکەییانەوە هەژار ونەداربوونە و هەمیشە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئاییینی پیرۆزی ئیسلامدا بوونە... باوانی وەکو هەموو مەلاکانی ئەو سەردەمە هەرجارەوله لادێیەک دا ژییانیان بەسەربردووە... نووسەر منداڵێکی رووح سووک و زۆر هەرەپاس وچالاک بووە، لەمنداڵیدا چەندین کار و کردەوەی وای کردووە زۆر دوور بووە لە تەمەنی خۆی...

هەروەها لەکۆچڕەوەکەی کورد کەدەکاتە١٩٩١ تازە بەسەر پێ کەوتبوو دووبارە ئاوارەو دەربەدەربوون...
لەدوای هێوربوونەوەی بارودۆخی کوردستان بنەماڵەکەییان لەبەرهەژاری و نەداری ڕوودەکەنە لادێکان بۆبژێوی ژیانیان، لەبەرئەمە نووسەر ناتوانێت بچێتەبەرخوێندن، کاتێکیش بژێوی ژیانیان باشتر دەبێت دەگەڕێنەوە پایتەختی کوردان، دوای ئەمەش لەتەمەنی ١٠ساڵی دەچێتە بەرخوێندن و هەمووساڵێک پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و قۆناغی ناوەندیش بەهەمان شێوە تەواو دەکات.

**بەرهەمەچاپ کراوەکانی نووسەر**

١ـ ئارەزوو گوڵە و ئامانجیش بۆنەکەیەتی
٢ـ بەڵێ بۆ تۆشە !
٣ـ چۆلەکە و دالیا چییان دەگووت ؟
٤ـ بەدوای هاوڕێیەک دا دەگەڕێیت ؟
٥ـ ڕۆیشتن بەرەو گەیشتن
٦ـ منداڵێک لە باوەشی دایکیدا ونبوو
٧ـ شاری کەرە باڵدارەکان
٨ـ شانۆی منداڵان و شازادە بچکۆلەکە
٩ـ دەروازەیەک بۆ شانۆی منداڵان .

**٢٠٢٣**

# کۆتایی